# کۆنگره

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٤٤ نەورۆزی ٢٧٠٨ی کوردی

خەبات لەپێناو ولاتێکی ئازاد و دیمۆکرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 44 , March - April 2008




دوکتۆر خەلیقی:

خودمۆختاری بەرتەسک

"ل ٩"



مامۆستا شەیدا:

یادی تێپەڕبوونی پەنجاساڵ بەسەر یاداشتی گەلی کورد

"ل ٤"



پەیامی مامۆستا کامیل ژیر بەبۆنەی جێژنی نەرۆزەوە

"ل ٣"



پەیامی سەرۆکی KNC بەبۆنەی جێژنی پیرۆزی نەورۆزەوە

" ل ٣"

# نەورۆز و ساڵی نویی کوردەواریی پیرۆزبێت!

**هاووڵاتیانی بەڕێز!**

**نەتەوەی کۆیلە و خۆڕاگری کورد!**

ساڵێکی دیکەمان بە کۆیلەتی و بندەستیی تێپەڕ کرد و، پێماننایە ساڵی ٢٧٠٨ی کوردییەوە.

لەساڵی رابوردوودا، رژێمەکانی داگیرکەری تورکیا و ئێران و سووریا، لەگرتن و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانی رۆڵەکانی تێکۆشەری کورد بەردەوامبوون و، وەکو پێشەی هەموو ساڵانی رابوردوو، بەئاشکرا مافەکانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کوردیان پێشێلکرد.

"ل ٢"

**یادی (٢٠) ساڵەی شەهیدکرانی هەڵەبجە و کارەساتی "ئەنفال" لە ژێر ئالای رژێمی عێراقی داگیرکەردا دەکرێتەوە ............ ل ٨**




❋- دوکتۆر جەمال رەشید: ژیان و سەربردە و بارودۆخی ئەمڕۆ.... ل ١١

❋- پارێزەر کامیل ژیر: کەربازارێک لە نەورۆزدا .................. ل ١٧

❋- سەردار پشدەری: ئاخ لەدەس تۆش کاک مەسعوود ........... ل ١٩

❋- سیروان کاوسی: مێژووی "مواد مخدر" لەئێران و ............ ل ٢٢

❋- ن. تانجمیری: رووسیای تازە و دەسەڵاتدارانی کرملین .... ل ٢٧

❋- سەردار پشدەری: قوربان لەخزمەت دام ..................... ل ٣٠

لەساڵی رابوردوودا، رژێمی نوێی عێراق، کە بە پشتیوانیی دارای و سەربازیی ئەمریکا و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، دەسەلاتدارانی باشووری کوردستان، توانی تارادەیەک خۆی بەسەر پێوەبگرێت و، لەئاستی نێودەوڵەتیدا سەقامگیرتربێت، بەشێوازی جۆراوجۆرەوە هەوڵیدا بۆ سەرنەگرتنی (مادەی ١٤٠) و، لاوازکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەرووی دەسەلاتی ئابووری و سیاسییەوە.

ساڵی ٢٧٠٧ی کوردیی، ساڵی پیلانگێڕیی داگیرکەرانی کوردستان بەگشتی و، ساڵی ملهوڕیکردن و دەستدرێژیی زیاتری رژێمی داگیرکەری تورکیا بەتایبەتیی بوو. ساڵی رابوردوو، ساڵی بێدەنگبوونی وڵاتانی رۆژاڤا و دنیای ئازاد بوو، بەرامبەر سیاسەتەکانی داگیرکەرانە و نامرۆڤانەی رژێمی تورکیا دەرحەق بە نەتەوەی کورد.



ساڵی رابوردوو، ساڵی گەندەڵی و دزیکردن لە پارە و بووجەی خەڵکی رەش و رووتی کوردەواری و، دەوڵەمەندبوونی زیاتری دەسەلاتداریتیی باشوور و، چەسپاندنی زیاتری بیری نگریسی عێراقچێتی بوو بەسەر گەلی کیمیالێدراو و ئەنفالکراوی کورد لە باشووری وڵاتەکەمان.

ساڵی رابووردوو، ساڵی ناکۆکیی حیزبایەتی و، دابڕان و دەستەودەستەگەریتی و، شەڕەچەقۆ و تەوس و تەشەر و پلارهاویشتنی حیزبییانە بوو.

ساڵی رابوردوو، ساڵی بەرخۆدانی جەماوەری و نەبەردی چەکداریی بوو لە باکوور و، لەرۆژهەڵاتی کوردستان، هاوکات ساڵی ونبوونی ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیی بوو لە هەردوو بەشی باکوور و ڕۆژهەڵات و لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان.

لەساڵی رابوردووی کوردیدا، دوو نەتەوەی مۆنتەنەگرۆ و کۆسۆڤۆ، کۆتاییيان بە تەمەنی بندەستیی هێنا و، لەریزی نەتەوەکانی بندەست چوونە دەرەوە و، خۆیان تێکەڵ بە زەریای گەلانی سەربەخۆ و ئازاد کرد.

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، نەورۆز و ساڵی نوێی کوردەواریی، لەهەموو نەتەوەی کورد و لەهەموو کوردستانییەک پیرۆزبایی دەکات. ئاواتە خوازین، ساڵی ٢٧٠٨ی کوردیی، پڕبێت لە خێروخۆشی و سەرکەوتن بۆ هەموو هاووڵاتیانی کورد و، ساڵی تەبایی، یەکگرتن و، پەرەسەندنی ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و، هەروەها ساڵی گەیشتن بەرزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت!

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**١٨ /٣/٢٠٠٨ ی زایینی (نەورۆزی ٢٧٠٨ی کوردی)**

## پەیامی ڕێزدار مامۆستا کامیل ژیر، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – سەرکردەیەتیی باشوور، بەبۆنەی جێژنی نەورۆزەوە

# پەیامی نەورۆز

ئەشێ لە نەورۆزەوە پەندێکی گەورە وەرگرین. نەورۆز ئەو ڕووداوە گەورەیەی نەتەوەی کوردە کە تیایدا زۆردارێک و ستەمکارێک و داگیرکارێکی کورد لە ڕێگەی هێزەوە لەناو برا، نەک لە ڕێگەی دانوستان و وتووێژەوە ملی پێکەچکرابێ.

هەمیشە و بە درێژایی مێژوو، وتووێژ کاتێک ئەنجامدار دەبێ، کە بەرامبەر هێزێکتر هێزیکی هاوتا، یان نێزیک هاوتا هەبێ. ئەگینا وتوویژ لە کوروزانەوەی مەڕ بۆ گورگ بەولاوە چیتر نییە. ئەو نەتەوەیەی خۆی بخڵەتێنێ بەبنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و چاوەڕێی بەزەیی ستەمکار، یان چاوەڕێی بەزەیی گەلانێک بێ کە نەلەدوور نە لەنێزیک پێوەندییان بە کێشەکەیەوە نەبێ، ئەوا لە بێئەنجامی و دەستبەتاڵی زیاتر هیچیان بۆ نەماوەتەوە.

نەتەوەی کورد هەمیشە زیانبەخش بووە لە وتووێژ لەگەڵ دژە نابەرامبەرەکانیدا. ئەم نەتەوەیە بەو وتووێژ و دانووستانانە، هەلێکی باشتریان بۆ دوژمنەکانی ڕەخساندووە کە خۆیان بەهێز بکەنەوە بۆ لێدانێکی کوشندەتری نەتەوەکەمان.

ڕاستە هەموو کات ئێمە بۆمان نەڕەخساوە کە خۆمان بەهێزکەین، بەڵام ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا باشترین هەلمان بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی بەو سامانە زۆرە بتوانین سوپایەکی چەکداری مۆدێرنی ئەوتۆ دروستبکەین کە لەتوانایدابێ بەرگری لە ئاسایشی نەتەوەییمان بکات. بەو جۆرە و ئەوکات دەرگەی وتووێژیش داناخرێت.

**ئەمەیە پەیامی نەورۆزی من بۆ نەتەوەکەم.**
**لەگەڵ ڕێزمدا .....**

**کامیل ژیر**
**سلێمانی: نەورۆزی ٢٠٠٨**

## پەیامی ڕێزدار جەواد مەلا، سەرۆکی KNC، بەبۆنەی جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێی کوردییەوە! گەلی بندەست و ئازادیخوازی کورد!

**هاووڵاتیانی هێژا!**

بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێ و، جێژنی نەورۆزەوە، گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەم. هیوادارم، ساڵی نوێ، ببێتە ساڵی خێروخۆشی و سەرکەوتن بۆ هەموو هاونیشتمانانی خۆشەویست، هەروەها ساڵی ڕزگاریی خاک و نەتەوە و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت.

**هاونیشمانانی خۆشەویست!**

ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابوردووی عێراق و باشووری کوردستان، ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە داگیرکەرانی کوردستان، ئامادەنین مافەکانی سەرەتایی گەلی کورد، تەنانەت لە چوارچێوەی وڵاتانی دەستکردیشیاندا بەڕەسمی بناسن. بەهەموو شێوەیەک تێدەکۆشن بۆ تالانکردنی سەروەت و سامانی کوردەواری و، سڕینەوەی کورد لەسەر خاکی باوباپیرانی. لە تورکیادا پێماندەڵێن، تیرۆریست، لە ئێران و سووریا پێماندەڵێن، بەکرێگیراوی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم، لە عێراقی نوێش کە بەسایی سیاسەتی ساویلکانەی سەرکردەکانی کوردەوە، حکوومەتی داگیرکەری عێراقی نوێ دامەزرایەوە، عەرەبەکان دەڵێن ئەو مافانە بۆ کورد لە عێراق زۆرن و، دەبێ لەدەسەڵاتی سەربازی و ئابووری و .... هتد یان کەمبکرێتەوە...

تاکە ڕێگە چارە ئەوەیە، کورد بڕیاربدات بۆ سەربەخۆیی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. لەم پێوەندەدا، وەک دەزانین، بە خۆشییەوە بیروباوەڕی نەتەوەیی لەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابوردوودا پتر پەرەی گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە هەموو ڕۆشنبیران و، کەسایەتییەکانی ئاینی و کۆمەڵایەتیی نیشتمانپەروەر و ڕێکخراوەی کوردستانیی، لەدەوری دەزگەیەکی نەتەوەیی هاوبەش کۆببینەوە، بۆئەوەی بتوانین هێزوتواناکانمان یەکبخەین و، لەهەموو بوارێکدا خەبات بکەین بۆ سەرخستنی ئامانجە پیرۆزەکەمان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردسان.

جارێکی دیکە، جێژنی نەورۆز، لەهەموو ئەندامان و هاوبیرانی KNC و، لەنەتەوەی کورد پیرۆزبێت.

**براتان:**
**دوکتۆر جەواد مەلا**
**سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
**٢٠٠٨/٣/١٨ (نەورۆزی ٢٧٠٨ی کوردی)**



# یادی تێپەڕبوونی تێپەڕبوونی (٥٠) ساڵ بەسەر پێشکێشکردنی یاداشتی گەلی کورد، بۆ کۆنگرەی دەوڵەتە بێلایەنەکان (قاهرە ١٩٥٧)

**نووسینی: مامۆستا محەممەد شەیدا**

## کورتەیەک لەبارەی بارودۆخی جیهان لەساڵانی پەنجاکاندا

لەساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی رابوردوودا، ململانێی سپاگەی سەرمایەداری و سۆسیالیست گەیشتبووە لووتکە، کە ئەم بارودۆخە ناونرا **"شەڕی سارد" (الحرب البارده)**، بەتایبەتیی لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، ململانێی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەنێو خۆیاندا گەیشتبووە دواپلە. ئەمەش بۆ مەبەستی چەسپاندنی بەرژەوەندیی خۆیان لە دۆزینەوەی بازاڕ و گەڕان بەدوای **کەرەسەی** خاو و دەستگرتن بەسەر نێوچە ستراتیژییە سوپاییەکان – بەتایبەتیی لە ئەفریقا و خۆرهەڵاتی ناقینی دەوڵەمەند بەنەوت. هاوکات لەگەڵ کێشمەکێشی زلهێزەکاندا، خەباتی نەتەوایەتیی لەخۆرهەڵاتدا گەیشتبووە دواپلەی پێگەیاندنی کە بەرهەڵستی هێزی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی نێوخۆیی دەکرد و، هەوڵی ئەوەیدەدا لەژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزم خۆی رزگاربکا و سەربەست بێ و مافی چارەنووسی خۆی دەستکەوێ.

لەم بارودۆخەدا، هێزی جیهانی سێیەم دروستبوو، بەناوی وڵاتە بێلایەنەکان (دول عدم الانحياز) بۆمەبەستی نەهێشتنی شەڕی سارد و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و، روونەدانی جەنگێکی دیکەی جیهانیی وێرانکەر وەک جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیی.

لەئەنجامی خەباتی نەتەوایەتیی گەلانی خۆرهەڵات، هەندێک لەوڵاتە عەرەبییەکان وەکو **میسر و سووریا و عێراق و جەزایر** و ..هتد، لە بندەستیی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتالیا رزگاربوون، ئەمە بێجگە لە رزگاربوونی چین و گەلێک نەتەوەی خۆرهەڵاتی ئاسیا.

میسر، پاش رزگاربوونی لە کۆتوزنجیری ئیمپریالیزمی ئینگلیز، بوو بە بنکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی. هەروەها لە وڵاتی ئەندۆنزیادا دەوڵەتێکی دیمۆکراسی هاتبووە کایەوە.

لەم بارودۆخەدا، کۆنگرەی **"باندۆنغ"** لەساڵی ١٩٥٥ لەلایەن دەوڵەتە بێلایەنەکانەوە بەسترا، کە ئەمە یەکەم کۆنگرەیە لە جیهاندا کە گەلێک کاریگەریی دانا لە بەرژەوەندیی یەکگرتنی خەباتی گەلانی جیهان. لەساڵی ١٩٥٧، "کۆنگرەی باندۆنغ" گواسترایەوە بۆ میسر بەنێوی کۆنگرەی یەکگرتنی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا (مؤتمر تضامن الشعوب الاسوية – الافريقة). ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی خۆرهەڵات کە خاوەنی قەوارەی سیاسیی نەبوون. هەروەها بەستنی کۆنگرەی قاهیرە، هیوای گەلێک نەتەوەی ژێردەستەی چەوساوەی بووژاندەوە. ئەم نەتەوە چەوساوانە، هەموو هیوا و ئامانجیان ئەوەبوو، خۆیان بگەیەننە کۆنگرەی ناوبراو بۆ بەشدارییان لەپێناوی یەکخستنی خەباتیان لەگەڵ گەلانی ئاسیا و ئەفریقادا، بۆ مەبەستی رزگاری و سەربەخۆیی.

## بیرۆکەی پێشکێشکردنی یادداشتی کورد، بەکۆنگرەی قاهیرە ١٩٥٧

کۆنگرەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا لەرۆژی ٢٦-٣١ **کانوونی یەکەم (رەشەمە)** بەردەوامبوو. پێش بەستنی کۆنگرەکە، کە لە **تشرینی دووەم (رێبەندان)** دا لێژنەی ئامادەیی دەستیکرد بە کارکردن لەشاری قاهیرە، ئێمە لەم کاتەدا، خوێندکاری کوردبووین لەزانستگەکانی میسردا. هەر لەم ساڵەشدا، **یەکێتیی خوێندکارانی کورد لە وڵاتی میسر دامەزرا**. دەستەی بەڕێوەبردنی ئەم یەکێتییە بریتیبوون لە:

**محەمەد حسێن مەلا، هۆشیار بابان، محەممەد کەریم شەیدا، عادل موختار** و، چەند خوێندکارێکی دیکە.

بەستنی کۆنگرەی گەلانی ئاسیا - ئەفریقا، وەک بەستنی کۆنگرەی ڕێککەوتنی پاریس لەساڵی ١٩١٩ دەهاتە بەرچاو، کە سەرۆکی ئەمریکا **(ودروو ویلسن) پرۆژە چواردە خاڵەکەی** خۆی ئاشکرا کرد، کە یەکێک لەو چواردە خاڵە، **مافی چارەی خۆنووسین** بوو، کە چەمکەکەی ئەوەیە **(ئەو نەتەوە ژێردەستانەی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە شکاوەکانی شەڕی جیهانیی، مافی چارەنووسی خۆیان وەربگرن!)**.

بیرۆکەی پێشکێشکردنی یاداشتی کورد بە کۆنگرەی گەلانی ئاسیا وئەفریقا، دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە کوردەکانی نیشتەجێی میسر بەنێوی **شێخ عومەر شێخ محەمەد ئەمین**. ئەم بەڕێزە پێشنیازێکی پێشکێش بە یەکێتیی خوێندکارانی کورد کرد، بەمەبەستی بەشداربوونی کورد لەم کۆنگرەیەدا. شێخ عومەر شێخ محەمەد ئەمین، زۆر پەرۆش بوو بۆ کورد، کە وا ئەم نەتەوەیە هەزاران ساڵە ژێردەستەیە و دەچەوسێنرێتەوە لەژێردەسەلاتی دوژمنەکانیدا.



پێشنیازی بەڕێز شێخ عومەری شێخ حەمەئەمین خرایە ژێر باس و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە. کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد پێشنیازەکەی پەسندکرد و، کەوتە خەبات و تێکۆشین. بۆ ئەم مەبەستە و، بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوونیان، سەردانی گەلێک لەو کەسایەتییە کوردانەمان کرد کە نیشتەجێی میسر بوون.

یەکەم کەس کە چووینە سەردانی، **بەڕێز (حلمی بەگی جوانڕۆیی)**، بوو، کە یەکێک بوو لە دەسەڵاتدارانی سەردەمی **شای میسر (فاروق شا)** و، سەرۆکی تەشریفاتی کۆشک و تەلاری شافاروق بوو. حلمی بەگ، یەکێک بوو لە نوێنەرانی کورد لە کۆنگرەی ڕێککەوتنی پاریس (١٩١٩).

**کاتێک لەگەڵ حلمی بەگدا کەوتینە گفتوگۆکردن، هەردوو چاوی پڕبوو لە فرمێسک و گوتی: "من بۆ کورد فرمێسک دەڕێژم کە تائێستا خەباتی بەفیڕۆ چووە و، ئامانجی جێبەجێ نەبووە. ئێستاش وامەزانی، خەبات و شۆڕشی گەلی کورد خنکاوە، نەمەدزانی کورد هێشتا گیانی بەبەردا ماوە. وا بۆم دەرکەوت و ئاشکرا بوو، کە کورد هەرگیز نامرێت و هەر بەئاواتی خۆی دەگات!".**

**حلمی بەگی جوانڕۆیی** لەجێی خۆی هەستا و، سنووقێکی هەشتەرخانی کۆنی هێنا و کردییەوە و چەند دانە لە ئاڵای کوردی لە سنووقەکە دەرهێنا و، هەر یەکەمان دانەیەکی کرد بە بەرۆکماندا. پاشان ئەو یاداشتەی پێشاندایین کە شەریف پاشای نوێنەری کورد پێشکێشی کردبوو بە کۆنگرەی پاریس لەساڵی ١٩١٩، بەڵام بەداخەوە بیرمان لەوە نەکردەوە کە لەبەری بگرینەوە و بڵاوی بکەینەوە. حلمی بەگ ئامادەیی خۆی پێشاندا کە بەنهێنیی، بەماڵ و گیان پشتگیریمان دەکات، چونکە بە هەمیشەیی لەژێر چاودێری حکوومەتی میسردا بوو. پاش سەردانەکەی حلمی بەگی جوانڕۆیی چووینە سەردانی کەسایەتییەکەی دیکەی کورد کە ناسراوبوو بە **بەڕێز مەحموود ئەلمەردینی**، کە لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەماڵ و خێزانەوە لە میسر نیشتەجێ بوو بوو. مەحموود مەردینی لەوکاتەدا یاریدەری ئەمینداری گشتی زانستگەی دەوڵەتە عەرەبییەکان بوو. لەگەڵ بەڕێز مەردینی کەوتینە گفتوگۆ و دوان لەبارەی پێشکێشکردنی یاداشتێک بە گۆنگرەی گەلانی ئاسیا – ئەفریقا، بەمەبەستی بەشداربوونی کورد لە کۆنگرەکەدا. لە وتەکانی ئەم بەڕێزەدا بۆمان دەرکەوت کە ناتوانێت

راوبۆچوونی خۆی لەو بارەیەوە دەربڕێت، چونکە شوێنەکەی زۆر هەستیار بوو، تەنیا ئەوەندەی گوت: "پیرۆزبێت ئەم هەنگاوەتان، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم".

لەڕۆژی ١٩٥٧/١٢/١ لەگەڵ **بەڕێزان هۆشیار بابان و محەممەد حسێن ئەلملا و شێخ عومەر حەمە ئەمین چووینە سەردانی شێخ عومەر وەجدی، شێخی ڕەواقی کوردان لە جامعەی ئەزهەری شەریف.**

کاتێک لەگەڵ شێخ عومەر وەجدی لەم بارەوە دواین، گوتی: "چەند ڕۆژێکە من بەم باسەوە دەتلێمەوە کە چۆن کەسێک نییە دەنگی کورد بگەیەنێتە گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و، منیش بەتەنیا هیچم پێنەدەکرا لە ترسی **ئاسایشی میسری (المباحث المصریة)**، بەڵام ئێستا دڵم ئاسوودەیە کە ئێوە هەوڵی ئەوە دەدەن، کێشەی کورد بخەنە بەردەست کۆنگرەی گەلانی ئاسیا – ئەفریقا". پاش لێدوان وگفتوگۆ زۆر ئامۆژگاری ئەوەی کردین کە زۆر بەنهێنیی کارەکانمان ئەنجام بدەین، تا دەگەینە کۆنگرەکە، **چونکە ئاسایشی میسری زۆر بێبەزەییە!"**.

پاش سەردانەکەی شێخ عومەر وەجدی، پێمان نا بە جگەری خۆماندا و بڕیارماندا سەردانی **بەڕێز تەها مەحیدین** بکەین لە باڵوێزخانەی عێراق. ڕێزدار تەها مەحیدین لەو کاتەدا **(سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیی لەعێراق)** سکرتێری دووەمی باڵوێزخانەی عێراق بوو. لەگەڵ ئەم بەڕێزەدا گەوتینە گوتوبێژ و، هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و، لێکۆڵینەوەی چۆنێتیی کارکردن و، نووسینی یاداشت بۆ کۆنگرەکە. تەها مەحیدین ئامادەیی خۆی پیشاندا بە مادی و مەعنەوی و دوای ئەوەی لێکردین کە لە هەموو هەنگاوێکمان ئاگاداری بکەینەوە، هەروەها ئامۆژگاریی کردین کە خۆمان لە دەزگەی ئاسایشی میسری بپارێزین و، پێویستە کۆبوونەوە و سەردانەکانمان لە باڵوێزخانەی عێراق نەبێت، بەڵکو لەماڵی خۆیدا سەردانی بکەین.

## پێشکێشکردنی یاداشتی کورد و دایلۆگی کوردی – عەرەبی

**لەڕۆژی ١٩٥٧/١٢/١٠ لای بەڕێز هۆشیار بابان کۆبووینەوە و، دەستمانکرد بە نووسینی یاداشتێک بۆ لیژنەی ئامادەیی کۆنگرەی گەلانی ئاسیا – ئەفریقا. لیژنەی ئامادەیی پێکهاتبوو لە چەند وڵاتێکی بێلایەن. سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەکە، یوسف ئەلسەباعی وێژەناسی بەناوبانگی میسری بوو. ڕۆژی ١٩٥٧/١٢/١٣ سەردانی لیژنەی ئامادەیی کۆنگرەکەمان کرد، بەمەبەستی پێشکێشکردنی یاداشتی گەلی کورد. یوسف ئەلسەباعی زیاتر لە نیو کاتژمێر لەگەڵمان دوا و گفت و گۆی لەگەڵدا کردین. لە بارودۆخی کورد و کوردستان بەوردی تێمانگەیاند، لەسەردەمە دێرینەکانەوە، ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورد دا هاتبوون، هەروەها پیلانەکەی دەوڵەتەکانی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستە نێوخۆییەکان، لەکاتی مۆرکردنی پەیمانی سێڤر لەساڵی ١٩٢٠ و، هەڵوەشاندنەوەی بەمۆرکردنی پەیمانی لۆزان ١٩٢٣، دژ بەگەلی کورد. یەسف ئەلسەباعی گفتی پێداین کە پاش یەک هەفتە سەریبدەینەوە بۆ وەرگرتنی وەرام.**

لەم هامشۆکردنانەماندا، بەڕێکەوت چاومان بە بەڕێز خالد مەحیدین کەوت کە خاوەنی ڕۆژنامەی "مەسائی" (ئێواران) بوو کە لە قاهیرە دەردەچوو. بێگومان ئەم چاوپێکەوتنە لە بارەگەی لیژنەی ئامادەییدا بوو. خۆمان ناساندیی، لەگەڵی کەوتینە لێدوان سەبارەت بە بەشداربوونی کورد لە کۆنگرەکە. خالد مەحیدین گەلێک هەڵوێستی جوامێرانەی پیشاندا و بەشان و باڵی کورددا هەڵیدا و، لەگەڵ گەلی فەلەستین خستینیە یەک پارسەنگەوە، کە وا کورد هیچ لە فەلەستینییەکان کەمتر نین، بۆچی ئەوان بەشدارییکەن لە کۆنگرەیەدا و، کورد بەشدارینەکات، کە نەتەوەیەکن لە کۆنترین نەتەوەکانی ڕەگەزی ئاری. هەر بەم بۆنەیەوە بڕیاریدا کە هەندێ نووسین لەبارەی کوردەوە لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاوبکاتەوە، بەمەرجێک ئێمە بۆی ئامادە بکەین. بەم شێوەیە گەلێک نووسینم لەڕۆژنامەی "مەسائی" لە قاهیرەدا لەژێر نیونیشانی پیاوە گەورەکانی کورد، نەریتی کورد و شارستانێتیی کورد بڵاوکردەوە.

پاش هەفتەیەک، لەگەڵ هۆشیار بابان سەردانی لیژنەی ئامادەیی کۆنگرەمان کرد بۆ وەرگرتنەوەی وەرام، بەڵام وادیار بوو یاداشتەکە نەخرابووە بەرلێکۆڵینەوە و توێژینەوە، لەبەر ئەمە هیچ ئەنجامێکمان دەستنەکەوت.

**لەئێوارەی ١٩٥٧/١٢/٢٠ سیاسەتزانیکی کورد گەیشتە شاری قاهیرە، ئەویش ڕێزدار عەبدولڕەحمان زەبیحی بوو کە بە عیسا زەبیحی و مامۆستا عولەما دەناسرا. عەبدولڕەحمان زەبیحی هەر بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرە هاتبووە میسر. لەگەڵ هۆشیار بابان و شێخ عومەر حەمە ئەمین، هەموو کارەکانمان پێراگەیاند، ئەویش زۆر دڵشاد بوو بە هەنگاوەکانمان.**

عەبدولڕەحمان زەبیحی، دەیویست چاوی بە تەها مەحیدین بکەوێت. لەڕۆژی ١٩٥٧/١٢/٢٢ لەگەڵ هۆشیار بابان و عەبدولڕەحمان زەبیحی سەردانی تەها مەحیدینمان کرد. نزیکی نیو کاتژمێر عەبدولڕەحمان زەبیحی و تەها مەحیدین بەتەنیا کۆبوونەوە و، گفت وگۆی تەواویان لەگەڵ یەکدا کرد لەبارەی بارودۆخی کورد و کۆنگرەکەوە. لەڕۆژی دواییدا، عەبدولڕەحمان زەبیحی داوای ئەوەی

کرد که چەند خوێندکارێک لەگەڵ خۆیدا نوێنەرێتیی گەلی کورد بکەن. لەئەنجامدا ئەم بەڕێزانە دیاریکران:

بەڕێز عەبدولڕەحمان زەبیحی سەرۆک. محەمەد شەیدا و شێخ عومەر حەمەئەمین ئەندام.

ڕۆژی ١٩٥٧/١٢/٢٣، لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی و هۆشیار بابان و محەمەد حسێن ئەلمەلا، چووینە سەردانی یوسف ئەلسەباعی. زەبیحی و ئەلسەباعی کەوتنە گفت و گۆ سەبارەت بە کۆنگرەکەوە. لەئەنجامدا یوسف ئەلسەباعی ئاگاداری کردین کە داواکەمان ڕەتکراوەتەوە، بەبیانووی ئەوەوە کە گەلی کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی نییە، بەڵام عەبدولڕەحمان زەبیحی وەرامیدایەوە کە وا کۆنگرەکە لەژێر نێوی (کۆنگرەی گەلانی ئاسیا – ئەفریقا) دەبەسترێ، نەک بەنێوی کۆنگرەی دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقا! یوسف ئەلسەباعی گوتی: "ئەوە بڕیاری هەموو ئەندامانی لێژنەی ئامادەییە!".

ڕۆژی ١٩٥٧/١٢/٢٤، لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحی بڕیارماندا، بەتاکە تاکە چاومان بەچەند نوێنەرێکی دەولەتە بێلایەنەکان بکەوێ، بەڵکو لەو ڕێگەوە بتوانین بەشداریی بکەین. لە ئەنجامی ئەم چاوپێکەوتنانەدا دەرکەوت بۆمان، کە عێراق و سووریا، سوورن لەسەر ئەوەی کە نابێت کورد بەشداریی ئەم کۆنگرەیە بکات، بەبیانووی ئەوەی گەلی کورد لە عێراق و سووریادا لەگەڵ عەرەبدا دەژی و، بەشداربوونی کورد لەو کۆنگرەیەدا دەبێتە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکیی لەنێوان کورد و عەرەب و، لەسەرهەڵدانی ئەم ناکۆکییەش، ئیمپریالیست و کۆنەپەرستی نێوخۆیی سوودی لێدەبینن. لەبەر ئەمە داوای گەلی کورد ڕەتکرایەوە.

ڕۆژی ١٩٥٧/١٢/٢٥، لەگەڵ مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی چووینە نووسینگەی ئامادەکردنی کۆنگرە و، یاداشتێکی دیکەمان پێشکێش کرد، کە گەلی کورد بەناوی چاودێرەوە بەشداری بکات، بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵەشمان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

پاش ئەم هەوڵ و تێکۆشینانە هیچمان بەدەستەوە نەما بیکەن ئەوە نەبێت، کە دەنگمان بگەیەنینە هەموو گەلانی جیهان و، لە دەوڵەتانی جیهانی بگەیەنین کە کورد گەلێکی لێقەوماو و مافخوراو و چەوساوەیە و کۆت و زنجیری دەستی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی نێوخۆیە. بیکەس و بێ پشتیوانە، دەستکورت و ماڵوێرانە، نەخۆش و ئاوارەیە. لەم ڕوانگەیەوە ڕێزدار عەبدولڕەحمان زەبیحی سەردانی بەڕێز تەها مەحێدینی کرد و لە ئەنجامی هەوڵە سەرنەکەوتووەکان ئاگاداری کرد.

تەها مەحێدین گوتی: "ئیستە چارچییە؟!"، عەبدولڕەحمان زەبیحی گوتی: "دەبێت کۆنگرەکە بشڵەقێنین، تا دەنگمان لەم سەر و ئەو سەری جیهان دەبیسترێ!".

ئەو یاداشتەی پێشکێش بە کۆنگرە کرابوو، سەرلەنوێ دامانڕشتەوە و، مامۆستا عومەر وەجدی چاوی پێداخشاندەوە و تەها مەحێدین پەسندی کرد. بڕیاردرا بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسایی بەچاپ بگەیەندرێ و، بەڕێز تەها مەحێدین ئەرکی چاپکردنیشی خستە سەرشانی خۆی و، (٣٠٠) جنیهی (پارەی میسری) پێشکێش بە عەبدولڕەحمان زەبیحی کرد بۆ هەڵسووڕاندنی ئەم کارە.

پاش چەند ڕۆژێک، یاداشتەکەمان بەهەر سێ زمانەکە ئامادەکرد و، ڕۆژی ١٩٥٧/١٢/٣١، کە ڕۆژی کۆتایی کۆنگرە بوو بە پێناسی ئیستگەی قاهیرە، چووینە نێو هۆڵی کۆنگرەکەوە و دەستمانکرد بە دابەشکردنی یاداشتەکە بەسەر نوێنەرانی وڵاتە بێلایەنەکان. پێش ئەوەی کارەکەمان بەتەواوەتیی بگەیەنینە ئەنجام، لەلایەن "مەباحسی میسری" (ئاسایشی میسر) هەستیان پێکردین، بەڵام توانیمان خۆمان لە دەستیان ڕزگاربکەین.

لە ڕۆژی ١٩٥٨/١/١، ڕۆژنامەکانی میسر بەنێونیشانی گەورە نووسیبوویان: "جواسیس امريكا يتغلغلون فى مؤتمر أفرو - اسيوى" (سیخوڕەکانی ئەمریکا دێنە نێو کۆنگرەی ئاسیا – ئەفریقاوە!).

پاش ئەنجامدانی ئەم چالاکییە سەرکەوتووانەیە، دەستمانکرد بە ناردنی یاداشت بۆ زۆرترین سەرۆکی دەوڵەتەکانی جیهان، بەتایبەتیی ئەم بەڕێزانە:

١-سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان
٢-سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
٣-سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی یەکێتیی سۆڤیێت
٤-مەلەکە و سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا
٥-شای عێراق (فیصل الثانى)
٦-سەرۆکوەزیرانی عێراق نووری سەعید
٧-جێنشینی مەلیک فەیسەڵ عەبدوڵڵا
٨-وەزیری نێوخۆی عێراق سەعید قەزاز
٩-سەرۆکی ئیتالیا
١٠-سەرۆکی ئەلمانیای خۆراوا

ئەمەش دەقی ئەو یاداشتنامەیە کە خوێندکارانی کورد پێشکێشی بەشداربووانی کۆنگرەیان کرد:

"ماویەتی"

## یادی (٢٠) ساڵەی شەهیدکرانی هەڵەبجە و کارەساتی "ئەنفال" لە ژێر ئاڵای رژێمی عێراقی داگیرکەردا دەکرێتەوە!

لەمێژووی خەباتی پرهەوراز ونشێوی نەتەوەی کورد بۆ رزگاریی، گەلێک کارەساتی گەورە و دڵتەزێنی بەسەردا تێپەربووە و، بەسەدان جار قەلاچۆکراوە و، نیشتمانەکەی داگیرکراوە، بەلاّم کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، لەکۆتایی ساڵانی سەدەی بیستەم، جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ هەموو رووداو و کارەساتە مێژووییەکانی گەلەکەماندا هەیە. هۆی ئەم جیاوازییەش، ئەوەیە، لەخولقاندنی کارەساتی هەڵەبجەدا، سێ لایەنی دەرەکی و نێوخۆیی و، دوو لە رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان رۆڵیان گێڕا. لایەنی دەرەکیی، ولاتانی دنیای ئازاد بوون، کە لە سازکردنی تەکنۆلۆژیای کیمیایی یارمەتیی رژێمی سەددامیان دا و، لەبەرامبەر تاوانەکانی سەددامدا بێدەنگییان نواند، کە ئەوەش پێچەوانەی هەموو پرنسیپ و یاسایەکی نێونەتەوەیی بوو. لایەنی نێوخۆیی حیزبەکانی باشووری کوردستان بوون، کە بەنەزانی، بوونە چۆخەسۆری بەرلەشکر و، جێبەجێکەری نەخشەی داگیرکەرانی ئێران و عێراق و، شەڕی ئەو دوو دەولەتەیان کێشایە نێو خاکی کوردستانەوە. زۆر مخابن، ٢٠ ساڵ دوای شەهیدکرانی هەڵەبجە و، ١٤ ساڵ دوای نێوچەی رزگارکراوی باشووری کوردستان، سەرکردەیەتیی حیزبەکان، لەپێناو دەسەلات و، بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیاندا، گەلی کوردیان چەواشە کرد و، جارێکی دیکە، زنجیری کۆیلەتییان لەملی ئالاندەوە. ئێستاش فرمێسکی درۆ بۆ هەڵەبجە هەڵدەرێژن و، یادی هەڵەبجە و ئەنفال، لەژێر ئاڵای رەنگۆڕاوی بەعس و عێراقی داگیرکەردا دەکەنەوە .

## "رۆژێکی شووم"

**دانەری: عەبدولکەریم هیرانی**

**شنۆ: ١٩٨٨/٣/٢١**

ئەم رۆژە بوو رۆژێکی شووم — بەرەو شاری هەڵەبجە چووم
یەک کاتژمێر پێش نیوەڕوان — ببینم هەوری ئاسمان
هەورێکی رەش وەک رووی دوژمن — ئەی باراند بارانی مردن
هاتن فرۆکەی شەڕفرۆش — هەڵەبجەیان هێنا خرۆش
لەسەر شارا ئەیان قیژاند — بارانی مەرگیان ئەباراند



ژن و منداڵ و پیاوی پیر — چ دەوڵەمەند، یان فەقیر
سەرجەم وەکو یەکتر مردبوون — تاوانیان ئەوە بوو کورد بوون
هەزاران لاشەی بێ تاوان — هەموو کەوتبوونە سەرچاوان
چەندان منداڵی ناو بێشکە — کۆتری سپی وفەرخە کێشکە

مردبوون لەناو هێلانە — بولبول پەپوولە پەروانە
دەنگ و ئاوازی بولبولان — کپ بوو لەناو باخی گوڵان
وەنەوشەو و نێرگس و نەسرین — سیس و وشک بوون هەڵوەرین
بوکو زاوا لەناو خانی — مابوونەوە بەبێ گیانی
هەرچەند لەناو شاری گەڕام — لە کۆڵان و لەسەر شەقام
کەسم نەدی زیندوومابێ — کە وا گیانی لەبەردا بێ
لە پڕ دیتم لاشەی پیرێ — هیرۆشیمام هاتەبیرێ
کۆرپەمە دیی لەباوەش داکی — وەک شارەکەی ناکازاکی
لەو تاوانە گەورەی "نظام" — دڕندەکان ئەبوون سەرسام
نە هیتلەر و نە هۆلاکۆ — نەیان دیوە بەچاوی خۆ
ئینجا دەستم کرد بە هاوار — ئەسرین لەچاوم هاتەخوار
هاوارم کرد کوانێ یەزدان — کوانێ فرشتانی ئاسمان
کوانێ قورئان کوا پێغەمبەر — کوا رێکخراوی ماف پەروەر
کوا نەتەوە یەکگرتووەکان — کێ دەپارێزێ میللەتان؟
کوانێ زانایانی ئیسلام — دەک بەهەشتیان لێ بێ حەرام
بەداخەوە هیچ کەس نەبوو — چۆنکە لایان مەبەس نەبوو
نەهاتن بێن بەدەنگ مەوە — بەهاوار دڵی تەنگ مەوە
ئەوسا هەڵسا رق و قینم — سوێندم خوارد تۆڵە بسێنم
پەیمانم دا بەشاری سۆز — هەڵەبجەی بووکی شارەزوور
تۆڵەسێن بم لە دوژمنان — یا کوردستان یاخۆ نەمان

# خۆدموختاری بەرتەسک

د. حسێنی خەلیقی

ژانەوەری۲۰۰۸. سوید.

**ماوەیەک لەمەوبەر بەرێز عەبدوڵلا ئەوجەلان، وەک دژکردەوە لە بەرانبەر ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆسەر پێشمەرگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە سەرسنووری دەسکرد، رایگەیاند: "لەوکاتەدا، ئێمە دەستەوەستان ناوەستین، ودەتوانین هەنگاوی پێویست هەڵگرین. بۆ نموونە، ئێران ناوی کوردستان بە فەرمی ناسدەکا و خۆدمۆختاری داوە بەکوردی رۆژهەڵات، بەڵام تارادەیەک بەرتەسکە و ئەگەر بێتو هەندێک بەربڵاوی بکا و جێگەی "پژاک" یشی تێداببێتەوە، ئێمە دەتوانین یەکسەدهەزار چەکدار بدەین بە ئێران و لەگەڵ ئیران، بەرەیەک لە شێعە وکورد، پێک بێنین و لە بەرانبەر ئەمریکادا راوەستین".**

**لەم وتارەدا، بە پێویستیدەزانم ئاماژە بە هەندێک خاڵ بکەم، کە ئەم چەواشەکارییە، ئاشکرا بکەن:**

**یەکەم- چۆنکە، تورکییە نزیکەی نەوەدساڵە ناوی "کوردو"کوردستان" ی پاوانکردووە و لە ئێراندا، ستانێکی کوردستان بەوناوە تۆمارکراوە و، بە فەرمی ناوی لە سەرناوانە، ئەمە لای پەیڕەوانی ناوبراو کە بێلێکدانەوەی بارودۆخ و راستییەکان، گوتەکانی وەردەگرن، بە "خۆدموختاری لێکدراوەتەوە! دووەم- چۆنکە ستانی کوردستان، تەنیا یەک لە سێی خاکی ئەو بەشەیە، بە "بەرتەسک" پەسن کراوە! سێیەم- چۆنکە باسەکە لە سەر بناخەی مێژوویی و جوگرافیایی کوردستان، دانەمەزراوە، ئەو ناڕاستییە، وەک راستی لە قەڵەم دراوە!**

بۆ ئاگاداری ئەوانەی لە پێوەندییەکانیاندا، کەمتر ئاوڕیان داوەتەوە سەررابوردووی مێژووی وڵاتی هەڕمەگوڵخاری فەرهەنگی جوگرافیایی ئێران، دەبێژین، ناوی ئەم وڵاتە هەتا سەرهەڵدانی ئێلخانەکانی مغول لە کۆتاییەکانی چەرخی شەشەمی کۆچیدا، بەوجۆرە یونانییەکان ناودێریان کردووە "**پرس**" بووگە. کە لە پەرسە یان پاسەوانی وەرگیراوە، نەک رەگەزێکی تایبەتی. ئاوێتەی "کیشوەری ئێران"، دەسکردی مغولەکانە وئاوێتەی" وڵاتەپاریزراوەکان" یان "**ممالک محروسه**"، دەسکردی سەلجوقییەکانی پیش ئەوانە و، هەرسەلجوقییەکان بوون وشەی "**کوردستان**" یان بۆ ئەو بەشە لەوخاکە داگیرکراوە، دانا. دوای مغولەکان هەتا بە دەسەڵاتگەیشتنی رەزاشا، ناوی ئەم خاکە هاوبەشە "ممالک محروسه" بووە. کە وابوو ئەوە دەسەڵاتدارەبەرپرسەکانی ئێستا و دوێنێ و پێرێی ئێران نەبوون کە لەبەر مرۆڤدۆستی، ناوی کوردستانیان دابێ بەوشوێنانە کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە. رەزاشاش دوای زاڵبوون بە سەر ئێرانیکدا کە دەچوو بەرەبەرە، خۆی بگەیەنێتە کاروانی شارستانێتی مرۆڤایەتی و، ملدان بە یاساکانی مافی مرۆڤ، کە لە پێشەکی یاسای بنەڕەتیی فەرانسە لە ۱۷۸۹دا هاتووە و، پاش داپڵۆسینی شوێنەوارە کەمڕەنگەکەی مەشروتەخوازی دەورەی قاجار، بۆ یەکدەستکردنی وڵات وناوەندیکردنی دەسەڵات، **یەکەم-** لە ١٣٠٤ ی هەتاویدا، ناوی "ممالک محروسه" ی کە ئاماژەیەک بوو بە فرەگەلی بوونی ئێران، گوڕی و کردی بە "ئێران". **دووەم_** بە پشتبەستن بە سیستەمی ئیدئولوژی دەسکردی پەهلەوی، **پلانی گڵاوی"نەتەوەی ئێران" ی کە لەراستیدا ئاوێتەیەکە لە نەتەوەکانی فارس، تورک، کورد، بلوچ، عەرەب وتورکەمەن، جیبەجێ کرد! و بەمەستی نەگوتن بە زمانەکان ورێباز و پێناسەکانی دیکە و گوشەگیر کردن و لە ئاکامدا تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە، هەویرێکی لە پان پارسیزم وەک فەرمی کردنی زمانی فارسی وپان ئاریائیسمی خەیاڵی و رێبازی ئاینی شێعە و خاکپەرستی و شاپەرستی، سازکرد. بەم جۆرە بۆ سڕینەوەی پێناسەی نەتەوە جۆراوجۆرە هەبووەکان لەو وڵاتەدا، بە قازانجی گەشەکردنی زمان و ئەدەبی نەتەوەی فەرمی واتە فارس، بە کردەوە و بەسەپاندن، هەنگاوی نا!**

**نموونەی رەزاشا بۆ نەتەوەسازی و تێکۆشین بۆ سڕینەوەی پیناسەی نەتەوەکانی دیکە لەو وڵاتەدا تاساڵی۱۹۳۳، بەرنامەکانی ئاتاتورک لە تورکییەبوو. داروودەستەی رەزاشا هاوکات کە پانفارسیزمیان پەرەپێدا، دەیانەویست بە پەیڕەویکردن لە تورکییە، واتە وڵاتی تورکەکان، وڵاتی "ئێرەکان" واتا ئێران، چێ بکەن! کە هاوسەنگی "گرمان" واتە ئاڵمان بوو. هەروەها تیکۆشین بۆ مودێرنکردنی ئێران، لە بواری سەربازی و ئیداریی وریگەوبانەوە بۆ زۆرترزاڵبوون بە سەر بەشەجۆراجۆرەکانی ئێراندا و، سەپاندنی ئەو چارەنووسە دەسکردە. بەوتەیەکی دیکە، پەیرەوکردنی مودرنیزمی بێ مودێرنیتە، واتە پەسندکردنی ئازادیگەلی کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی، تاک و کۆ و ئاینەجیاوازەکان و یەکسانیی نێوان ژن وپیاو. بەم جۆرە هەڤاڵان! ناسیۆنالیسمی لە مەڕ ئێمەی دانیشتوانی ئێران لە سەربناخەی زمانی فارسی، رەگەزی خەیاڵی ئاریائی، یان پان ئاریائیسم و دیاردەی دیکەی وەک بەفەرمیکردنی رێبازی ئاینی شێعە و خاکپەرستی و باوباپیرپەرستی وەک کورش و داریوش، تاکپەرستی، واتا شاپەرستی یان ئاریامێهرپەرستی، دامەزرا و بە دەستەوملان بوون لەگەڵ "خومەینیسم" و تاکپەرستی" وەلی فەقێ" و دانانی قەوارەی "ویلایەت فەقیهی و کڕنۆشبردن بۆ نوێنەری خودا لە سەرهەرد، واتە وەلی فەقێ، دوای شۆرشی بەتاڵانچووی گەلانی ئێران، پاوانخوازییەکە گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی!**

کەوابوو هەتا هەنووکە، دەسەڵاتدارەکانی ئێران وەک پێشینەکانی خۆیان، بەرەولای فەلسەفە و ئازادیگەلی یاسای و یەکسانیی تاک و کۆ و فەرهەنگ و پێناسە جۆراوجۆرەکان لە ئێراندا، ئاوڕیان نەداوەتەوە! بەم جۆرە و بە پێچەوانەی بیری خاوەن ئەوتێروانینە، نە ناوی کوردستان بۆ "ستانی کوردستان" لەمێشکی داگیرکەرانی ئەو خاکەدا وەک دەسەڵاتی فەرمانڕەوای پان فارسیسمی خومەینیسم، ڕەنگیداوەتەوە و، نە هەتا هەنووکە، بەو ئاکامە گەیشتوون ئەم سەرزەوییە کە لە سەرەتاوە بە دەست ئەوان پەلپلکراوە، مڵکی کوردە و تەنیا کورد ئەومافەی هەیە لەوێدا کاروباری خۆی هەڵسووڕێنێ و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاریبکا، یان بۆنموونە گشت خاکی ئێران مڵکی گشت دانیشتوانی ئێرانە و پێویستە هەموان وەکیەک لە دەسکەوتە ماددی ومەعنەوییەکانی کەڵک وەربگرن و ڕێز لە فەرهەنگ و کولتور و ئازادی ئیرادەی یەکتربگرن! چونکە هێشتا ئاپارتایدی ڕەگەزی، زمانی و ئاینیش، لە سەرتاسەی ئێراندا، بەردەوامە، کوردستانە خۆدموختارە بەرتەسکەکەش، هێشتا هەوای ئازادی و سەربەستی هەڵنەمژیوە. کەوابوو خشتی یەکەمی ناسیۆنالیزمی ئێران، ڕاست دانەنراوە، لە باتی ئەوە لە سەربناخەی ئازادی و یەکسانیی مافەکان و پاراستنی مافەنەتەوەییەکانی نەتەوە وەلانراوەکان، دامەزرێ، وەک ئاماژەم پێکرد لە سەربنچینەی پان ئاریائیسم دانراوە و ئەمەش بە واتای سڕینەوەی پێناسەی کورد و تورک و بلوچ وتورکمەن وعەرەبە و، پان فارسیسم بووەتە کۆڵەکەی بنەڕەتیی دژایەتیکردن لەگەڵ نافارسەکان و بە وتە، ماکەی بیری سیای ودەسەڵاتدارەتی وستەمی شاهی ئێستا، شوێنی خۆیداوە بە ستەمی ئاینی و جیاوازی دانانی زەق لە نێوان دین و ڕێبازە ئاینییەکاندا ومیچەکەشی بووەتە "ڕێبازی شێعە ی دوازدەئیمامی ورێبازی خومەینیسم"، لە دایک بووە!

جیا لە گشت ئەمانە، ئاوڕدانەوە لە مێژووی هاوچەرخ و وەبیرهێنانەوەی تێرۆری سمکۆی شکاک، دواتر لە سێدارەدانی سەرکۆماری کوردستان ـ نەمر قازی محەممەد و قازییەکانی دیکە بە دەستی ڕەزاشا و حەمە ڕەزاشا و لەم دواییانەدا، تێرۆری دوکتور قاسملو و دوکتورشەرەفکەندی، دوو سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وهاوڕێیەکانیان لە ئوتریش و برلین و، بیست ونۆ ساڵ شەڕی داسەپاو لەو بەشە لە کوردستاندا و قەڵاچۆکردنی دانیشتوانی گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەهیدکردنی دەیان هەزار لە خەڵکی کوردستان وشۆڕشوانانی کورد لە کۆمەڵە ودیموکرات وئەوانی دیکە بە دەستی فەرمانڕەواکانی پەیرەوی وەلی فەقێ و، بەردەوامبوونیان لە بێوازکردنی ڕۆڵەکانمان بە هۆی مادەهۆشبڕفێنەکان و گرتن و کوشتن و لەسێدارەدان و سووکایەتیپێکردن و بێبەشکردنی خەڵکەکەمان، لە دەسکەوتە کاری و ئیداری و ئابووری وفەرهەنگی و دەسەڵاتدارییەکان، نابێ چاویان لێ بنوقێنین و بە هێندیان نەگرین! ئەمانە گشت، دەبوو ئەو پەیامەیان بە سەرکردە و پەیڕەوانی ئەوروەتە ڕاگەیاندبایە کە دیاردەیەک بە ناوی خۆدموختاریی، نەبەرتەسک و نە بەرفراوان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، خۆیاناکرێ و لەبنەڕەتدا، دەسەڵاتی ویلایەت فەقیهی، لە سەربڕیار و فەرمانی تاک وتاکپەرستی، دانراوە و ئیرادەی خەڵک و ویستی نەتەوە لەوقەوارەدا، بۆ دانی دەسەڵات بە هەڵبژێردراوان، واتای نییە و سەرچاوەی دەسەڵات و یاسادانەر، تاکە و، ئەویش لە پەیرەوپرۆگرامی خۆیدا، باسی ئوتونۆمی یان خۆدموختاری نەکردووە.

ئەرێ، لەوڵاتی"ئێرەکان"دا، ناوی کورد وکوردستان وەک تورکیە، پاوان نییە و هەم ستانێکیش بە ناوی کوردستان هەیە. بەڵام لەم وڵاتەدا، ناوی، ئازادی، یەکسانی، ئازادی تاک وکۆ و قەڵەم و پێکهێنانی کوڕوکۆمەڵی مەدەنی و جیا لە دەسەڵات، وەک ئورووپا و خۆدموختاری یان ئۆتونومی یان فیدراڵی و باسی قەوم ونەتەوە و زمان وکولتووری جیاواز و ئەوە، کە دەبێ سەرچاوەی دەسەڵات خەڵک، یان نەتەوەبێ، نەک تاک، پاوانە و ئەوەی بۆ وەرگرتنی ئەو مافانە و پێکهێنانی ئەو کۆمەڵگەیە، تێبکۆشێ، ئاژاوەگێڕ لە سەرهەرد و شەڕکەر لەگەڵ خودایە و ڕشتنی خوێنی ڕەوایە! ئەرێ هاودەردە هاومەینەتەکانم! بوونی ستانی کوردستان، بە واتای خۆدمۆختاری شرۆڤە ناکرێ، کە لە بنەڕەتیشدا، شتی وەها لە ئارادانییە. هەرجۆریک بێ، دان، یان وەرگرتنی خۆدموختاریش، دەردی بێ پێناسەیی کورد، دەرمان ناکا و تەنیا ڕیگەچارە، تێکۆشینە بۆ ئەوە خۆمان بە دەستی خۆمان، چارەنووسی خۆمان دیارییکەین، نەک کەسان، یان نەتەوە، یان دەسەڵاتەکانی دیکە. هیوادارم سیاسەتوانانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە سەرحیسابی بەرەو پێشبردنی ئامانجی بەرتەسکی خۆیان و بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی هەنووکەییان، مافی خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان، نەکەنە قوربانیی. چونکە ئەگەر لە داگیرکەران نەترسن و ڕاست و ڕەوان باسی مافەبنەڕەتییەکانی نەتەوەکەیان بکەن، گرفتەکەمان یەکە و خاوەن خاکی کوردستان، خەڵکی کوردستانە و بێجگەخۆمان، کەسی دیکە ئەو مافەی نییە بڕیار لە سەرخەڵک وخاکمان بدا. کە دەرد وکێشەمان یەک بوو، دەرمانیشی یەکە و ئەویش تەنیا بە هاوسۆزی و هاودڵی پزیشکەکانی کە هەمووەمانین، چارەسەردەکرێ.

**دەبا ئێمەش لە ژیانماندا، جارێک بۆ هەمیشە یەکبگرین، هاوبیروهاریکاری یەکتربین و بە یەکگرتوویی، بەدەستی خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین.**

**بژی کوردستانیکی دێموکراتیک و پڕلە ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ.**

# وتووێژ لەگەڵ مێژووناس و زانای کورد، دوکتۆر جەمال ڕەشید، سەبارەت بە ژیان و سەربردە و، بارودۆخی دوێنێ و، ئێستای کەرکووک

## (٤)

**پ: کێشەی کەرکووک و نیوچە بەعەرەبکراوەکان، پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و، لەسێدارەدانی سەددام، هێشتا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. ئەم کێشەیە بۆچی وا ئاڵۆز بووە! ئایا حکوومەتی نوێی عێراق دۆخەکەی لەو شارەدا شێواندووە، یان ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی دۆخەکەیان وا ئاڵۆزکردووە و، نایانەوێت چارەسەری کێشەی کەرکووک بکەن، یان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزایی و کەمتەرخەمی دەسەلاتدارێتیی کورد؟!**

و: لێرەدا کە باستکرد سەددام لەسێدارە درا، من وەکو بینیم، سەددام لەسێدارە نەدرا، بەپەت هەڵواسرا! چۆنکە، کە پرسەکە لەمن دەکەی، من لەبیرمە سێدارەیان بۆ دانەنا، پەتیان بۆ هەڵواسیی.

سەبارەت بە کێشەی کەرکووک، من نازانم لەکوێوە دەستپێبکەم. کێشەکە، لەسەرەتادا تاوانی کوردی تێدایە، واتە سووچ و تاوانی ئەو سیستەمانە نییە کە لەعێراقدا پەیدابوون، چ لەزەمانی پاشایەتیی، چ لە زەمانی کۆماریی بەسەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم، یان سەردەمی بەعسییەکان، چۆنکە ئەوەی لەبیرم بێ، من باوکم هۆتێلی هەبوو، هەمیشە دەچووم دادەنیشتم گوێ لەخەڵک ڕاگرم. خەڵکی باش باش دەهاتن دادەنیشتن. زۆربەیان ئاغاواتی کورد بوون، لەوانە شێخ جەباری جەباری هەبوو، ئەمە گەورەپیاوی عەشیرەتی جەباری بوو. شێخ تارقی باوا هەبوو، ئەمە گەورەی هەموو تاڵەبانەکان بوو. هەروەها شێخ فاتێح هەبوو، شێخ محەممەد ساڵحی کلێشە هەبوو. "سەیدەکانی کاکەیی" یەکان هەبوون، وەکو عەلی ئاغا و ... هتد، دەهاتن، من گوێم لەمانە دەگرت. هەموویان لەدەرەوەی کەرکووک دەژیان. بەلام بەرهەمی کشتوکاڵیان وەکو گەنم و جۆ و دانەوێڵەی دیکە، هەموو دەهاتە کەرکووک بەدەست تورکمان دەفرۆشرا، واتە کورد کاری دەکرد، تورکمان قازانجی دەکرد.



باوکم پێیانیدەگوت: "بابەگیان، ئێوە بۆ وادەکەن؟ ئەو تەڕەکاری و بەروبوومەی هەتانە، وەک شووتی و کاڵەک و خەیار و تری و سەوزە و، جۆرەها میوەی دیکە، بۆ ئێوە دەیدەنە تورکمان؟ بیدەنە کورد، یان خۆتان وەرنە شار، لە کەرکووک زەوی بکڕن، بیکەنە خانوو، خۆتان هەمار و دوکان بکەنەوە، چۆنکە نەتەوە بەئاڵوگۆڕ و پێوەندیی ئابووریی پێشدەکەوێ". ئەمە ساڵی ١٩٥٢- ١٩٥٣ بوو، ئەم قسانەم لەبیرە کە باوکم بۆی دەکردن، کەچی گاڵتەیان پێدەهات. هیچ کوردێک لەوانە، ئەو زەمانە نەدەهات. دەیگوت، بابە چۆن ئەو هەوا خۆشە و، ئەو لادێیە جێدێڵین و بەم گەرمایە دەژین!

جا ئێمە وەکو شارستانییەک، بیرمان دەکردەوە کە وا کورد کەمایەسی و تاوانێکی هەیە. چۆنکە تەماشامان دەکرد، حکوومەتی عێراق، عەرەبی هێنابوو بۆ نیوچەیەک کە پێیاندەگوت "خویگە"، عەرەب کردی بە "المحا"، چۆنکە عەرەب بە "خوێ" دەڵێ "ملح"، ئەوجا نیوچەکەشیان ناو نا بە "الحویجە". دوو عەشیرەتی گەورەیان هێنایە ئەوێ بەناوی "ئال عوبید" و "ئالجبور" نیشتەجێ بوون. جا ئەوان ئاوی زێیان برد بۆیان و، دەستیان کرد بە کشتوکاڵیی. ئەوانیش کۆچەر بوون، ئەوجا نیشتەجێ بوون و، فێری بەرهەمهێنان بوون و بەرهەمەکانیان هەموو دەهات لە کەرکووک دەفرۆشرا. ئەوانیش شێخەکانیان دەهاتن لە هۆتێلی ئێمە دادەبەزین. ئەمانەش نەدەهاتنە کەرکووک نیشتەجێ بن، هەر لەدەرەوە لە حەویجە دادەنیشتن. هەرچۆنێک بێ، لە کەرکووک لەپاڵ کورددا، تەنیا تورکمان هەبوو. من کە چوومە قوتابخانە لەساڵی ١٩٤٧، هەتاکو پۆلی

سێیەمی ناوەندیی، قوتابی، یان خوێندکارێکی عەرەبم نەبینی لە پۆلەکانماندا، تەنیا لە پۆلی سێی ناوەندیدا یەکێکمان لێ پەیدا بوو ناوی "زەرغام" بوو. من شاهیدم بۆ ئەوە کە عەرەب نەبوو لە کەرکووک. ئەگەرچی زۆربەی دانیشتوانی شارەکە کوردبوون، لەگەڵ ئەوەشدا، بەداخەوە کوردیش حەزی نەدەکرد بێ لە کەرکووک نیشتەجێ بێت. مەسەلەی پەرەسەندنی زیاتری کورد لە کەرکووک، لە چەرخی کۆماریدا دەستیپێکرد، کە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم



بەیاننامەی دەرکرد بەبۆنەی دەستووری کاتی. لەمادەیەکیدا دەڵێ: "ئەم وڵاتە، کورد و عەرەب تێیدا شەریکە!". جا ئەمە کاریگەریی زۆری بۆ سەر کورد هەبوو، چونکە لەوەبەدواوە ئەو کوردانەی هەژار و دەستکورت بوون، روویان لە کەرکووک کرد و، لەکۆمەڵێک خانوودا نیشتەجێ بوون کە پێیاندەگوتن: "جمهوری". لەوێدا رێژەی کورد لەنێو شاردا زیاتری کرد. پارێزگەی کەرکووک هەرچوار دەوری کوردە، لەسەرەوە نێوچەی "شوان" کوردە، لە رۆژهەڵاتەوە چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر، لە خواریشەوە هەتا دەچوویتە کفری، خانەقین سەر بە کەرکووک نەبوو، سەر بە دیالە بوو، ئەمانە هەموو کورد بوون. بەڵام لەنێوانیاندا هەندێ دێهاتی تورکمان هەبوو. بۆوێنە دێیەک وەکو "بێشیر"، لەخوار کەرکووک، دێیەک وەکو "بڵاوە". ئەم دێهاتە تورکمانانە "قزڵباش" یان تێدا

هەبوو. جا ئەو قزڵباشانە، هەرچەندە تورکمان بوون، بەڵام نێوانیان لەگەڵ تورکمانی نێو شار خۆش نەبوو، چونکە ئەمان سوننی بوون، ئەوان شیعە بوون. تورکمانی کەرکووک ئێمەشیان فێردەکرد، تورکمانی ئەو گوندانەمان خۆش نەوێت. لەگەڵیشیاندا نان نەخۆین، و دەیانگوت "نانەکەیان پیسە"، "دەستیان پیسە" و، شتی وایان لەبارەیانەوە دەگوت بە ئێمە. واتە یەکێتیی لەنێوان تورکماندا نەبوو. جا کوردەکە زیاتر لەگەڵ هەردوولادا تێکەڵاویی هەبوو.

لێرەدا ئێمە هیچ کێشەیەکمان نەبوو لەسەر کەرکووک، تاکو چەرخی کۆماریی هات. کە چەرخی کۆماریی هات و لەدەستووردا نووسرا کورد و عەرەب لە عێراق شەریکە، بەڕاستی کورد دەیویست بزانێت سنووری تا کوێیە لەو زەوییەدا؟

بەڵام دابەشکردنی زەویی، هەندێ کەسی دروستکرد وەک دەرەبەگی کورد کە وا دژ بەم مادەیە بوەستن. لێرەدا ناتوانم بڵێم کە پارتی چەند دەوری هەبوو لێرەدا کە پشتگیریی لەو ئاغاواتانە دەکرد (ئەمە بابەتێکی دوورە لەم پرسیارە!)، بەڵام کاتێک شۆرشی (١١ی ئەیلوول) دروست بوو، یەکێک لە گیروگرفتی گەورەی ئەوە بوو، بەرنامەیەکی نەبوو لەبۆ داخوازیی کورد. هەندێ جار بە (لامەرکەزیی) رازیبوو، لەدواییشدا کە بەعس پەیدا بوو بە حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی) رازیبوو، کە ئەویش سەددام خۆی پێشنیازی کرد، کورد خۆی داوای نەکرد. ئێمە (کورد) داوای ئەوەماندەکرد رێککەوتننامەی (٢٢ی حوزەیران) جێبەجێ بکرێ، کە لەگەڵ "عەبدولڕەحمان بەزاز" مۆرکرابوو، کەچی ئەوان (بەعسییەکان) گوتیان نەخێر، مافی ئێوە زیاترە لە رێککەوتننامە لەگەڵ "بەزاز". ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە

ئێمە هەر لەزووەوە نەمانتوانیوە داخوازیی خۆمان وەکو بەرنامەیەک لەسەر کەرکووک، یان لەسەر کوردستان بچەسپێنین. بەڵام کێشەی کەرکوک لە کەیەوە دەستپێدەکا؟ لەکاتی گوتوبێژەکانی رەحمەتی مەلامستەفا بارزانیی لەگەڵ شاندی عێراقی لەبۆ رێککەوتننامەی (١١ی ئازار) وەوە دەستپێدەکات. من لەساڵی ١٩٧٧ لەلایەن زانستگەی "لایدن" راسپێردرام هەندێ پەیماننامە و بەڵگەنامەی سەردەمی عوسمانی رێکخەم. ئەو بەڵگەنامانە ساڵەهای ساڵ بوو کەوتبوو لەوێ. من لەبەر ئەوەی تورکی دەزانم، بەڵگەنامەکانی عوسمانی لەبەر ئەوە بەخەتی عەرەبی نووسراوە، بەڵام بەزمانی تورکی، پێمدەکرا هەمووی رێکخەم. لەکاتی رێکخستندا چاوم بە "قاموسی ئیعلام" کەوت لەنووسینی "شەمسەدین سامی"، حەزمکرد بزانم نێوی کەرکووکی تێدایە؟! کە پەرتوکەکەم کردەوە، وانووسرابوو:

**"لە کوردستاندا "مرکز" نێوەندی سنجاقی شارەزوورە ئەم شارە، شارەکە سێ بەشی کوردە ....".**

ئەمە لەساڵی ١٩٧٧، واپلیکردم کە بزانم دەوڵەتێکی وەکو عوسمانلی، دان بەوەدا دەنێت کە وا کەرکووک نێوەندی شارەزوورە لە کوردستاندا، چونکە بەزمانی تورکی دەڵێ: "کوردستاندا". ئەمە زۆر گرنگە. لەمەدا، کاتێک کە مامجەلال لەساڵی ١٩٩١ داوای شتێکی لە من کرد، چوو بۆ تورکیا بۆلای "تورگۆت ئۆزال"، من ئەمەم داپێی. گوتم بە مامجەلال، کە باسی کەرکووک کرا، تۆ بڵێ: "من هیچ نالێم، ئەوە بەڵگەنامەیەکی خۆتانە!".

جا بەپێی پاشەکییەکی مێژوویی، هەروەها سیاسی و نێونەتەوەیی وەکو دەولەتی عوسمانیی، هەروەها بەپێی راستییەک وەکو کورد کە تێیدا دەژیی، کەرکووک بەشێکە لە کوردستان. بەڵام کابرایەک کە نەزانێت بچێت لە بەغدا دانیشێت، ناوی دوو شەقام، یان دوو جادەی کورکووک نەزانێ، خەڵکی ئەوێ نەبێ، لەوانەیە خەڵکی قەڵادزێ بێ، خەڵکی بارزان بێ، یان خەڵکی سنجار بێ، تۆ دوو کەرکووکی بۆ نابەی لەگەڵ خۆت کە داوای مافی خۆی بکا و بەتەواوەتیش شارەزای شارەکە و مێژووی شارەکەی خۆیەتی؟ لێرەدا نە تاوانی دەوڵەتی (مەرکەزی) یە، نە تاوانی دەولەتانی هاوپەیمانە وەکو ئەمریکا، بەڵکو لە شتێکەوە دێت، نەخۆشێک نەڵێت من نەخۆشم، کەس ناتوانێ پێی بڵێ تۆ نەخۆشیت، چارەسەرت دەکەم! جا، کورد دەبێ بۆخۆی ئەو مافەی خۆی بچەسپێنێ. هەموو کاتێک، ئەوەی لە تۆ نییە، ئامادەیە دان بە تۆدا نەنێت. کاتێک دان بە تۆدا دەنێت، کە خۆت، دان بە خۆتدا بنێیت! دەڵێی: "من هەم". ئەو کاتە ئەویش دەڵێ: "ئا، تۆ هەیت!". حکوومەتی بەغدا بەهیچ جۆرێک دان بە تۆدا نانێت. ئەگەر بشڵێ، ئا، بەڵام بۆت ناکا. جا تۆ دەبێ خۆت بیکەی. لەبەر ئەوە، من لەو باوەڕەدام دەبێ کەرکووک رزگار بکرێ، جا بەزۆربێ، یان بەهەر شێوەیەک رزگار بکرێ و، داوودەزگەی خۆتی لێدامەزرێنی، ئەوجا تورکیا پێی خۆشە، پێی ناخۆشە ئەوە کەیفی خۆیەتی.

**پ: حەز دەکەین بێینە سەر کەرکووک، شار و زێدی لە دایکبوونتان. سەبارەت بە بنەماڵەتان، بەسەرهات و بیرەوەریتان و ژیانی تایبەتی خۆتان بۆمان بدوێن.**

و: بەراستی، من لەبارەی خۆم زۆر بەکورتی باس دەکەم. هەرچەندە من نایەتە بیرم من چۆن لەدایکبووم، بەڵام بەپێی ئەو نووسینەی کە باوکم نووسیبووی، شەوی هەینی سەعات (١٠)، سێی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١، لە قەڵای کەرکووک لە دایکبووم. بەڵام ماڵەکە نایەتە بەرچاوم. من نەختێک بیرم تیژە. من لەبیرمە هێشتا نەمدەتوانی بەرێدا بڕۆم، رەورەوەیان بۆ کڕیبووم، کە بیگرم بەدەست و پێی بڕۆم، ئەوەم لەبیرە. ئەو ماڵەشم لەبیرە حەوشەکەی چۆن بوو. هەروەها شێوەی دایک و برای گەورەم و دایکم هەموو ئەمانەم لەبیرە. ژیانی تایبەتیی خۆمم هەر لە قەڵای کەرکووک بردە سەر، چونکە قوتابخانەکەشمان هەر لەوێ بوو. دەچووەمە قوتابخانە و دەگەڕامەوە ماڵەوە. ماڵی ئێمە، ماڵێکی شارستانی بوو. دایکم هەر خۆی خەڵکی کەرکووکە. لەخوار قەڵا لە دایک بووبوو. ئەو گەڕەکە پێیاندەگوت "سەقاخانە". زۆربەیان کورد بوون، بەڵام بوو بوون بە تورکمان. لەبەرچیش بوو بوون بە تورکمان؟ کە قانونی ناسنامەی عێراقی دەرچوو، لەساڵی ١٩٢١ عێراق بوو بە دەولەت، لەقانونی ناسنامەدا هاتبوو کە دەبێ ئەو کەسانە ببن بە عێراقی کە "ناسنامەی عوسمانی" یان هەبوو. جا زۆر لەو کوردانەی لە گەڕەکی "سەقاخانە" دادەنیشتن،

لەبنەڕەتدا کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بۆ ئەوەی ناسنامەی عێراقی وەرگرن، دەیانگوت ئێمە تورکمانین. ئەوجا خەڵک نەیدەزانی کە تورکمان لەوپەڕی ئێرانیشەوە هاتووە، چۆنکە تورکمانستان لەسەرووی ئێرانە و، لەنێوەراستی ئاسیا هەڵکەوتووە. بەڵام ئاستی هۆشیاری لەو زەمانەدا نزم بوو، خەڵک وایاندەزانی کورد ئێرانییە و، تورکمانیش عوسمانلییە. جا دایکم خەڵکی ئەو گەڕەکە بوو، ئەو شتانەی بۆ من دەگێڕایەوە.



دەیگوت فلان کەس کوڕی فلانە کوردە، خۆی بە تورکمان دەزانێ. با باسی ئەوەش بکەم لەساڵی ١٩٥٩ وە ڕێکخراوەیەک پەیدا بوو کە کوردیان دەکوشت، تێرۆریان دەکرد، واتە سەرۆکە کوردەکانیان دەکوشت. سەرکردەی ئەم ڕێکخراوەیە یەکێک بوو لەم کوردانە کە بوو بوو بە تورکمان و خەڵکی ئەم گەڕەکە (سەقەخانە) یە بوو. جا من دایکم بۆی دەگێڕامەوە کێیە و کوڕی کێیە.

ئێمە (ئەندامانی بنەماڵەکەمان) کە بیری نەتەوەییمان پەسندکرد، هەر بە کاریگەرێتیی پەروەردەی باوکم بوو. دایکم زۆر بیری لە سیاسەت نەدەکردەوە، بەڵام باوکم زۆر بیری لە سیاسەت دەکردەوە، نەک هەر لە سیاسەت، بەڵکو بەشداریشی کردبوو لەزۆر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا. بۆ وێنە لەکاتێک ئینگلیز شاری سلێمانی بوردمان کرد و، بەیاننامەی فڕێدابوو، کە وا سمکۆ دەبێ سلێمانی بەجێ بێڵێ و، بڕوا، باوکم لەگەڵ دوو جەنگاوەری سمکۆ لەیەک ژووردا بوون کە خانووەکەیان بوردمان کرا و، مشکییەکەی باوکم لەبن داروبەردی ئەو خانووەدا مایەوە. لەوکاتەدا لەوانەیە تەمەنی ٢٠ – ٢١ ساڵێک بووبێ. نیشتمانپەروەر بووە، چووە ببێتە پێشمەرگەی شێخ مەحموود، کە بوو بوو بە مەلیک. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە، مامم لەو بچووکتر بوو، لەشەڕەکانی مەریواندا بەدەست ڕووسەکان شەهید کرا. ئێستاش گۆڕەکەی هەر لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

سەبارەت بەژیانی تایبەتی خۆم، لە کەرکووک خوێندنم تەواو کرد. پاشان لە زانستگەی بەغدا خوێندنم تەواو کرد. لەسوپای عێراقدا خزمەتی سەربازیم تەواو کرد. ماوەی دووساڵ مامۆستای زمان بووم، پاشان سەرم هەڵگرت، دەرچووم لە عێراق و، لەسەر حیسابی خۆم هاتم بۆ خوێندن لە ئۆروپا. پارەیەکی زۆریشم نەبوو. پاش ماوەیەک کە لە بەرلینی ڕۆژاڤا لە ئەڵمانیا دانیشتم، توانیم مانگانە (٤٠) دۆلار بدەم لە بولغاریا دانیشم لەوێ تێزی خۆم بدەم بۆ دوکتۆرا. بەڵام بۆ ماوەی ساڵێک کە ئەو پارەیەم دەدا، بەر لێبووردن کەوتم، قانونێک دەرکرا بۆ هەموو کەس بوو، نەک هەر بۆ من، ئەوەی بێگانە بێ، تەنیا دەتوانێ پارە بگۆڕێتەوە، نەک پارە بدات! واتە مانگی (٤٠) دۆلار بدەم، (٨٣) لیوەم وەردەگرت پێی بژیم. بەو جۆرە خوێندنم لەوێ تەواوکرد و، دوکتۆرانامەکەشم لەبارەی "کوردستانی کۆن" بوو، واتە پێش سەرهەڵدانی مەرجی نەتەوەیی کورد، چەرخی سۆمەری و ئەکەدی و ئەوانە بوو، نووسیم. تاکو ئێستە بڵاومەنەکردووەتەوە. پاشان گەڕامەوە. دەبوا لە سلێمانیدا دەستم بکردایە بە کارکردن. کەچی زانستگە گوێزرایەوە بۆ قەڵادزێ، من یەک شەوی لێ بووم، بەیانییەکەی بوردمان کرا. پاشان لە شۆڕشدا گەیشتمە ئەندامی لێژنەی چاودێریی مەکتەبی سیاسی لە پارتی دیمۆکراتی کوردستاندا. ساڵی ١٩٧٥ ئەوێم بەجێهێشت، هاتمە هۆڵەندا. لە

هۆڵەندا لای کلوبی مەلیکی ئەمستردام کارم کرد. من بە پاسپۆرتی عێراقی هاتبووم، هەر بەو پاسپۆرتە گەڕامەوە عێراق. دەستمکرد بە کارکردن لە زانستگەی سلێمانی.

پاشان لە گەڵ دوکتۆر کوردستان موکریانی ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێنا. ئەوکات ئێمە لەدەرەوە بووین، بڕیارماندا سەر لە کوردستان بدەینەوە. ئەو ساڵە کە ئەنفال دەستیپێکرد، ئێمەیان گواستەوە بەو نیازەوە کە لەگەڵ ئەنفالکراوەکان ئێمەش تێدابەرن... من برایەکم لەساڵی ١٩٨٧ لە نێوچەی سەی سادق شەهیدکرا، سێ منداڵی لەدوای خۆی بەجێهێشت. ئێمە لە ماڵەوە دە کەس بووین، چوار خوشک و شەش برا. ئێستا ئەوانە ماون، دوانیان لە ئۆروپان و دوانەکەی دیکە لە کەرکووکن. خوشکەکانیشم لە هەولێرن، شوویان کردووە. ئەمە بەکورتی ژیانی من بوو. دیارە بە دووروودرێژی باسی ناکەم، چۆنکە زۆر ناخۆشێم دیوە، چەند جارێک حوکم دراوم بە ئێعدام، هەر لە ساڵانی ٦٢ و ٦٣ وە. ساڵی ٦٢ من گیرام بەناوی یاخیبوو، ساڵی ٦٣ بەتاوانی کۆمۆنیستی گیرام، کە واش نەبوو، چۆنکە من کۆمۆنیست نەبووم، بەڵگەنامەکانی ساڵی ٦٢ کە لەسەر ئەندامەتی پارتی گیرابووم، بوونە هۆی ئەوە کە ساڵی ٦٣ ڕزگارم بکەن و، لەسێدارەم نەدەن، بەڵام زۆر ئازار و ئەشکەنجەیان دام. گرنگ ئەوەیە مامەوە و، توانیم بیری خۆم بڵاوبکەمەوە.

**پ: دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و لەسێدارەدانی سەددام حسێن، داهاتووی کورد و نێوچەکە بەگشتیی، چۆن دەبینن؟!**

و: دوای هەڵواسینی سەددام چۆن داهاتووی کورد دەبینم؟!

بەگشتیی ئەگەر باسی بکەم، ئەم سەدەی بیست و یەکە، سەدەی ڕزگاربوونی گەلانە! واتە، گەلێک وەکو کۆسۆڤۆ، وەکو بوسنیا، وەکو ئەوانەی باڵکان، کە توانییان هەر یەکە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان پێک بێنن، ئەی بۆچی کورد وەکو خۆی بمێنێتەوە؟!

دەمەوێ ئەم دوو وەرامە تێکەڵ بەیەک بکەم:

ڕۆڵەکانی کورد، بۆ دروستکردنی ژیانێکی نوێی هاوچەرخ، کە بتوانن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دروستبکەن، لەپێشدا، پێویستە چاوێک بخشێنن بە پرنسیپی بیروژیانی خۆیان. ئەمەش دوو بابەت دەگرێتەوە:

یەکەمیان ژیانی ڕۆحییان، کە بەبیری مێتۆلۆژی و ئائینی پێوەستە. دووەمیان، بەژیانی مەتریاڵ پێوەستە، واتە ژیانی ماددی. لەهەر دوو حاڵەتدا دەبێ پشت بە مێژوو ببەسترێت. واتە دەبێ ڕۆحی نەتەوەیی کورد سەرلەنوێ لێبکۆڵدرێتەوە. واتە، من کە دەڵێم موسڵمانم، ئێزیدیم، یان کریستیانم، دەبێ بیر بکەمەوە، ئەم ئائین و بیروباوەڕە، لەبنەڕەتدا چۆن لە من پەیدا بووە؟! ئایە ئەو پرنسیپانەی من هەمە، وەکو موسڵمانێک، یان وەکو ئێزیدییەک، لەگەڵ ئەم چەرخەدا ڕێکدەکەوێ؟! بۆوێنە، بەپێی ئەزموونی خۆم کە لەنێو ئێزیدیدا هێندێک گەڕاوم، ئێزیدی مەسینە بەکار ناهێنێ. موسڵمان لەئاودەست مەسینە بەکاردێنێ. ئێزیدی بۆ مەسینە بەکار ناهێنێ؟ چۆنکە شێوەی مەسینە، بە شێوەی "مەلەکەتاوس" دەکا، کە مەلەکەی تاوس، وابزانم لە ئیسلامدا مەلایکەی جبرەئیلی پێدەڵێن. لەبەر ئەم هۆیە، ئاو، لە ئاودەست بەکار ناهێنێ، چۆنکە ئاو، لە ئائینی زەردەشتی کۆنیش، حەرامە پیسی بکەی، ئاوە هەوایە، ئەو شتانە نابێ پیس بکرێت، لەلای زەردەشتییەکان وەکو مەرجی ژیانە. ئەو خووخدە لەنێو ئێزیدیدا هێشتا ماوە. لەبەر ئەمە تەماشا دەکەین، ئێزیدییەک کە لە ئۆروپا دەژی، بۆ وێنە لە ئەڵمانیا دەژی، خانوویەکی هەیە، لەوێدا دەبێ وەکو ئۆروپاییەک بچێتە ئاودەست، کاغەز بەکار بێنێت. ئەمە وەکو خۆگۆڕینەوەیە لە چەرخی تازەدا (لەچەرخی بیست و یەکەمدا). دەبێ داونەرێتی نێوچەی سنجار و شێخان و ... هتد، وەلابنێ و لەبیری بچێتەوە. ئەمە پێوەندیی بەلایەنی ڕۆحییەوە هەیە. هەروەها بۆ نموونە جۆری خواردن. لەنێو زۆر کورددا، بەدەست نان دەخورێ. ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوە نییە بەدەست نان بخورێت. هەموو ڕۆژێکیس ناچارنیت، یان نالوێ بۆت سینییەک برنج و بریانی و گۆشت و نازانم چیت بۆ بێنن، لەوانەیە بۆلایەنی تەندروستی خواردنی سووپێک زۆر لەوە باشتر بێت. بەڵام هێندێک کەس وازی لێناهێنن و، دەڵێن کولتووری ئێمە وایە و، لایەنی ڕۆحی ئێمە وایە...

موسڵمانێک، یان مەلایەک لەوێ دادەنیشێ، ئایەتێک دێنێتەوە بۆت. باسی ڕۆژووت بۆدەکات، سەیری تۆ ناکا و، گوێ بەوە نادا، کە تۆ "مێعدە" ت برینی هەیە... جا لەبەر ئەمە، ئێمە دەبێ پێداچوونەوەی هزروداوونەریتی خۆمان بکەین.

دووەم: دەبێ مێژووی کورد، سەرلەنوێ بنووسینەوە. کاتێک من دەڵێم، ئیمرۆ سەیری لایەنی ڕۆحی بکەین، بیگۆڕین، دەبێ بشزانین ئێمە لەرابوردوودا چی بووین؟ چ هەڵەیەکمان کردووە؟ بۆ واین؟ بۆ بەم جۆرە دەژین؟ بۆنموونە، قەت کورد بیری لەوە نەکردووەتەوە بۆچێ کورتە باڵایە؟! واتە کورد وەکو نەتەوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، درێژ نییە. لەچاو گەلانی ئۆرووپا کورتە باڵایە، بەڵام هیچکات بیری لەوە نەکردووەتەوە. یان دەڵێ، کورد لە هەموو کەسێک جوانترە، بە چ پێوانەیەک ئەمە دەڵێ، بەپێوانەی کوردیی. من دەبێ لەمە بیر بکەمەوە، ئەگەر بمەوێ گۆڕانکارییەک دروستبکەم، دەبێ تێکەڵاوییەک دروستبکەم. من ئێستە زۆر زۆر پشتگیریی ئەوانە دەکەم کە کچی ئۆرووپایی دێنن، چونکە منداڵەکانیان جۆرێکی دیکە دەبێ، بەرەو باشتر دەڕۆن. ئەم دۆخە، لە دنیای ئاژەڵدا هاتووەتەدی. بۆ نموونە، مریشک و کەڵەشێری ماڵییان هیچ نەهێشت، جۆرە قەلەوەکەیان هێناوە، کە هەر یەکەیان چوار – پێنج کیلۆ دەبێ، یان ئەو مریشکە سۆرە دێنن کە هەموو ڕۆژێک هێلکە دەکا. جا ئێمە ئەگەر ئەو سیاسەتی ئێکۆنۆمی و پێشکەوتنەمان قەبووڵکردووە، دەبێ ئەوەش قبووڵ بکەین کە گەلی خۆمان جوان بکەین. لە کورددا ناشیرین زۆرە، پیاوی سمێڵفش و سەرپان و کچی ناشیرینمان زۆرن. جا بۆ چاککردنەوەی ئەمە، دەبێ خۆمان بگۆڕین، واتە بەتێکەڵبوون. تورک خۆی جوان کرد. تورک، کە هات، لە ڕەگەز و شێوەی مەغۆلی بوو، لەزەمانی سەلجووقی. سەیری وێنەی سوڵتانەکان بکە، هەموو مەغۆلین. کەچی ئێستا برۆ لە ئەستەمۆڵ بگەڕێ، یەک مەغۆلی نابینی. هەموو وەکو ئۆرووپایی وان، بۆ؟ چونکە خۆیان تێکەڵ کرد بە یۆنانی، بە کورد، بە چەرکەس و بە ئەرمەنی و نەتەوەکانی دیکە. ئێستا عەرەب وادەکا، عەرەبی کەنداو، هەموو کچی لوبنانی و شوێنەکانی دیکە دێنن، وەک رابوردو ئەو ڕەشاییەیان نەماوە. جاران کەنداو، عەرەبی سعوودییە بڵێین، هەموو وەکو کۆیلە وابوون، ئێستا لە مەلیکەوە هەتا دەوڵەمەندەکانیان هەموو سپی بوونەتەوە. کورد هێشتا ئەمە نازانێ، ناتوانێ ئەم گۆڕانە لەخۆیدا بکات. جا مەبەستم لە پێوەندیی مەتریال (ماددی)، نەک تەنیا خۆگۆڕینەوە و خۆچاککردنەوە بێت، بەڵکو پێویستە جۆری بیرکردنەوەش بگۆڕدرێت. لەبەر ئەمە، ئێمە دەبێ مێژووی خۆمان سەرلەنوێ بنووسینەوە. ئێمە لە چ گرووپێکین؟ وایە ئەنترۆپۆلۆژییەن دەگەڕێینەوە سەر چ گرووپێک. من بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە هەمە لەمێژوودا، دەزانم، ئەو ئۆرووپاییانەی هاتنە کوردستان، هەموو چاوشین بوون، باڵابەرزبوون، کەچی تێکەڵ بوون. ئەوجا خدە (عادەت) یکی تورک هەبوو، دیارە عەرەبیش هەر وابوون، هەرچی بیستوویانە کابرایەکی کورد، کچێکی جوانی هەیە، بردوویانە بۆ خۆیان و مارەیان کردووە. بەردەوام هەوڵیانداوە بۆ چاککرنەوەی ڕەگەزی خۆیان. ئەمەشیان بەنێوی ئیسلامەوە کردووە. ئەوجا کوردیش سوپاسبێژ بووە کە کچی خۆیان بدەن بە عەرەب، یان بە تورک بدەن. کورد خۆی وانەبووە! هیچکاتێک بیری لەوە نەکردووەتەوە بچێ کچی ئاغایەکی تورک، یان عەرەب مارەبکات چونکە جوانە، کورد بە ڕەوشت و نێوبانگی کەسی و بنەماڵەوە ڕازیبووە. سەیری لایەنی جوانیی نەکردووە. ئەمە بابەتێکە، کات و دەرفەتی خۆی دەوێ لەسەری بدوێین.

"ماوەیەتی"

# کەربازارێک
# لە نەورۆزدا

نووسینی:
پارێزەر کامیل ژیر

**لەیەکەم رۆژی بەهاری ۲۰۰٦ و بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، لەتەویلەیەکی گەورەی داخراودا، کەربازارێک، بۆ ژمارەیەك کەری هەمەرەنگ، سازکرا. ئەگەرچی پێشەکی هەندێ کەسایەتی مرۆڤی ناسراو بانگهێشت کرابوون، بەڵام هاتن بۆ هەموانبوو، بۆیە تەویلەکە جمەیدەهات. سەرەتا کەرەکان بۆ ماوەیەك زەرین و خۆیانگەوزاند، بۆ ئەوەی بەقورگێکی ساف و مێشکێکی کراوە و تەندروستییەکی چاکەوە، بچنە پشتی میکرۆفۆنەکانەوە. رەنگدەربرین (phonotic) ی قسەکردنیشیان، وەك ئازەڵی ناو فلیمەکارتۆنییەکان بوو. ئامادەبووانی تەویلەکەش، وردەوردە، هەر کۆمەڵەو بوونە چەپڵەکوت و لایەنگری یەکێك لە کەرەکان.**

**سەرەتا، پێشکێشکەری کەربازارەکە، عوسمانی حەمە نادر سەرۆکی پارتی کەران، دوای بەخێرهاتن، ئەوەی درکان کە پرژی کێشەکانی کورد و ئەو مەترسیانەی رووەدەکەنە کوردستان، ئاژەڵ و باڵندەکانیش دەگرێتەوە، وەك لە بۆردومان و کیمیابارانەکاندا بینیمان، بۆیە ئەرکی سەرشانی ئەوانیشە بێنە دەنگ و لەرووی مێژوویی و سیاسیشەوە باری سەرنجی خۆیان پێشاندەن و بەرگری لە خۆیان بکەن. وتیشی بە هیوام لەکابینەی یەکگرتووی ئەمجارەدا نوێنەری ئێمەشی تێدابێ. ئنجا وتی روونکردنەوەی لاپەرە لێڵ و تاریکەکانی مێژوو، پارێدەدەرێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمرۆ. بابەتی کەربازارەکەی ئەمرۆشمان، لێدوانێکی بابەتیانەیە لەسەرگروشتەکەی کاوەی ئاسنگەر و ئەژدەهاکی ستەمکار. فەرموون ئێوە و کەرەکان:**

**کەری دێز:** ئەژدەهاك سەرکردەیەکی کوردبوو. کاوەش لە خۆمان بوو، واتا جاش بوو، بۆیە وەك سروشتێکی دێزگەرایی ، چەکوشەکەی سرەواندە کەڵەی ئەژدەهاك و کوشتی و دوایش دەسەڵاتیدایە دەست بێگانەیەک، یا بەواتایەکیتر، کارەکەی کاوە، بەخزمەتی بێگانە گەڕایەوە. بۆ راستی و سەلماندنی قسەکەم، **بەڵگەی یەکەمم :** جاشایەتی و دێزایەتی و ناپاکییە زۆر و زەبەندەکانی ناو لاپەرەشەکانی مێژووی کوردستانە لە رابردوودا. ئێستاش ئەو دێزایەتی و جاشایەتییە، لە بەرگێکی تازەی جلخواریی نوێدا، درێژەی هەیە.

**بەڵگەی دووەم:** ئەگەر دێز نەبووبێ، بۆچی دوای کوشتنی ئەژدەهاك و رووخاندنی رژێمەکەی، کاوە خۆی دەسەڵاتی نەگرتەدەست و دەسەڵاتی بەکەسێک سپارد، کە ئەگەر ئەو کەسە بێگانەیەکیش نەبووبێ، بە پێی هەندێ سەرچاوە، ئەوا کەسێک بووە هیچ ئارەقێکی لەراپەرینەکەی کاوەدا نەرشتووە!؟

**بەڵگەی سێیەم:** کوا، کەی کورد ئەوەندە زیرەکبووە، جارێک لە جاران، بە درێژایی مێژوو، سەرکردەیەکی بێگانەی قرکەری کوردی کوشتبێ!؟ ئێوە، وامەزانن ئێمە هەر لەبەر ئەوەی ناومان کەرە، خۆشمان کەرین! نەخێر. ئێمە، تا ئێستا زمانمان نەبووە قسەی پێبکەین تا ئەوەی لە ناخماندایە دەریبڕین. بەڵام ئێستا، بە هۆی کارە سەرسوورهێنەرەکانی کۆمپیوتەرەوە، دەتوانین گوزارە لە ناخی خۆمان بکەین **(چەپڵەیەکی بۆ لێدرا).**

**کەری رەش:** بە باوەری من، ئەوە سەرگروشتەیەکی دروستکراو و چیرۆکێکی خەیاڵییە. کەسێک، بەوە ویستوویەتی سەروەری (مجد) ێکی درۆ بۆ کورد هەڵبەستێ. ئاخر کابرایەکی ئاسنگەر، تەنیا بە هۆی چەکوشێکەوە، چۆن دەتوانێ سەرکردەی وڵاتێک بکوژێ!؟.

**ئەورەحمانی خامەی ئاسنگەرباشی سلێمانی،** خۆی بۆ نەگیرا، هەستایە سەرێ و نەڕانی: ئێمەی ئاسنگەر بە بازووی پتەومان ئاسن و پۆڵا دەچەمێنینەوە! پژاندنی مێشکی ئەژدەهاکێک، دەبێ چیبێ لە ئاستی چەکوشە زەبروەشێنەکانمان!؟ ئێمە و کاوەی ئاسنگەری باپیرمان، نەجاشایەتیمانکردووە، نە پیاوی درۆ و چیرۆکی خەیاڵیبووین. **ئا رێگەمبدەن با دەم و لمۆزی ئەو کەرانە بشکێنم!**

**- چەپڵەیەکی بۆ لێدرا... کەری دێز و کەری رەش، بە گوێچکەکانیان هەندێک ئیمێلیان بەیەکتردا. کەری دێز دەستیکرد بە زەڕین. کەری رەشیش بۆ ترساندنی هێرشێک ئەگەر بکرێتە سەریان، لەسەر شانۆکەوە دەستیکرد بە جووتەوەشاندن... خەڵکەکە بوون بە ناوبژیکەر و هەردوولایەنیان هێورکردەوە و کەربازارەکە چووەوە دۆخی ئاسایی خۆی.**

**کەری سپی:** **رای من پێچەوانەی قسەکان و بەڵگەکانی کەری دێز و کەری رەشە. بەراوردکردنی کەسێک بە کەسانێکیکە، نابێ بەبەڵگەی یاسایی بەسەر ئەو کەسەوە. راستە ناپاکی و دێزایەتی و جاشایەتی بووە، بەڵام لاپەرەسپییەکانی مێژووی کورد، پڕن لە داستانی قارەمانێتی و نیشتمانپەروەری و کوردایەتیی. ئێمەش لە**

**شۆڕشەکاندا بەشداریمانکردووە و ئاوەڵڕ و بارهەڵگری پێشمەرگە بووین و هەزاران شەهیدماندواە. ئەژدەهاك سەرکردەیەکی کورد نەبوو، بەبەڵگەی ئەوەی لە دوای تێکچوونی دەوڵەتی مادەوە، کورد دەوڵەتێکی نەبووە کە سەرکردەکەی ناوی ئەژدەهاک بێ. لە مێژووی میرنشینییە کوردییەکانیشدا، میرنشینییەك بەو ناوەوە نەبووە. رووداوەکەش ئەوەندە دێرینەیە، بەبەڵگەی ئەوەی باس لەوە دەکات کە کاوە ئاسنگەربووە. واتا رووداوەکە لەسەردەمی پێشەسازیدا بووە. ئەو سەردەمەش زۆر کۆنیە. منیش پشتگیریی قسەکانی خاڵەئەورەحمان دەکەم. کورد تا ئێستا نەیزانیوە سەرووەریی درۆ بۆ خۆی هەڵبەستێ، بەپێچەوانەی دراوسێکانییەوە، کە چەندین سەروەریی درۆیان بۆ خۆیان خنیوەتە مێژووە خەیاڵییەکانیانەوە. کورد ئەگەر ئەو درۆزنیەی بزانیایە، هەڵبەت چەند سەروەرییەکیەکی درۆی بۆخۆی دەهۆنییەوە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو کورد هەر نەیزانیوە مێژووە راستییەکەی خۆیشی بنووسێتەوە. بە زۆری گەشتیارە بێگانەکان مێژووی کوردیان نووسیوەتەوە.**

**هیچ بێگانەیەکیش ئەو خێرە بە کورد ناکا کە سەروەریی درۆی بۆ هەڵبەستێ.**

ئەژدەهاك، بێگانەیەک بووبێ، یان نەیار، یا کوردێکی کوردکوژەی ستەمکار، لە هەردوو بارەکەدا، سێ خاڵی هاوبەش بۆ جەوامێری و لەخۆبووردوویی و هۆشیاریی کاوە هەیە:

**یەکەم: راپەڕیوێک بووە.**

**دووەم: ستەمکارێکی کوشتووە.**

**سێیەم: خۆی دەسەڵاتی نەگرتە دەست، کە بایەخی ئەم خاڵەیان، لە دوو خاڵەکەیکە کەمترنییە.**

بابزانین چۆن: کاوە ئەیتوانی دەسەڵات بگرێتە دەست. بەڵام لەو سەردەمی نەزانینەدا، ئەو ئەوەی ئەزانی کە لە هونەری بەڕێوەبردنی دەسەڵات نازانێ. بۆیە دەسەڵاتی دایە دەست لێزان. ئەگەر کاوە ئەو هەڵەیەی بکردایە و خۆی دەسەڵاتی بگرتایەتە دەست و لێزانەکانی پەراوێز بکردایە، ئەوا کوردستانی ئەوساش دەبوو بە گەندەڵستان! بەوەش کارەکەی کاوە لەکاری ئەو زیندانیانە دەچوو کە (رێکەوت) زیندانەکەیانی رووخان، کەچی ئەوان، دوای ساڵانێك ئازادی و بەئارامی ژیان، لەلایەك کەوتنە شەڕو کوشتنی یەکدی، لەلایەکی تریشەوە کەوتنە گرتنی دامێنی پاسەوانانی زیندانەکە، بۆ دروستکردنەوەی زیندانێکیکەی لەو جۆرەو دوایی بەپێی خۆیان چوونەوە ناوی و ئێستا وەك مەڕی قوربانی، یەکلەدوای یەك چاوەڕوان، بۆ چەقۆی قساب! بەخۆشیاندەڵێن سیاسەتکار و لێزانی نایاب! (قاقای پێکەنین و چەپڵە، تەویلەکەی پڕکرد ( مچکۆی هەولێری قسەخۆش، هەستایە سەرپێ و وتی: لۆ پێدەکەنن؟ ئەدی کەر لۆ بارنەبێ، لۆ غار دەبێ؟! (کەرەکان هەڵسڵەمینەوەء بە قسەکە گرژبوون و دەستیانکرد بە پرمەپرم).

**وتەگۆی کەربازارەکە وتی: بەڕێزان:** ئێستا کاتی وچانێکە بۆ ماوەی پازدەخولەك... (لەم ماوەیەدا، ئالیکێکی چاك، خرایە سەرخان)... ئەوجا وتەگۆ وتی: بەشی دووەمی کەربازارەکەمان، بەچەند هۆنراوەیەك، دەرازێنینەوە. سەرەتا هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ کەری بێ ماف و ستەملێکراو، بەم هۆنراوەیە پێشانئەدەین:

**لەوکاتەوە ئاسۆی ژیان, داویە مژدەی رۆژ و شەرەق دوو هێز لەجەنگ و زۆراندان، هێزی هەق و هێزی ناهەق بەرئەنجامی ئەم راستییە، پەندێکە باباش تێبیگەن هەق مافێکە بەدەسنایەت, بەزۆر نەبێ و بەنووکی شەق هەقی بێ شەق، تاوانێکە، سەری لەپێناودا دەچێ، یا هیچ نەبێ لەلای هەندێ، هەق تاڵییە و هەق قسەی رەق کۆشکێکی بەرزیان دروستکرد بەکۆڵی کەری بەسەزمان تەواوبوو، پاداشتی چاکە، درا بەشێرێکی چاوزەق لەدەروازەی ئەو کۆشکەدا، پەیکەری شێرێکیان دانا! وەک شەهیدێ، فەیلەسووفێ، دانایەکی قسەمەستەق! کەری سەرشۆری سەلامەت، لەم پەندی رەنج و ئەنجامە گوێی ئەلەقان، خۆی دەگەوزان, زەرەی گریان، چاوی ئەبلەق نەکەسێ بوو، نەدەزگایەک، نەکۆمەڵێ، نەیاسایەک، نەزەمیرێ، خاوەن بیرێ، دادی پرسێ بۆ رەوای هەق کەرەکان، خوڕخوڕ فرمێسک بەچاویاندا هاتەخوارێ.**

**شێخ رەزای هۆنەری رەوانبێژی کەرکووکی هەڵێدایە و وتی:**

**مادام کۆرەکە بوو بەحەیشی نێرەکەر**

**منیش مەترەقم بەئەشکەوتی ژێر کەمەر:**

**ئەوەی دارگوێز و خورما دەکاتە ئــــاوەڵڕ**

**گوێز داری پتەوە، خورما داری گەنــدەڵڕ**

**ئەولادی ئەم عەسرەی بەکەربوون شانازن**

**حاشا نەوەی کەرنین، ئەوانە پــــــــوازن**

**بەهەدوری راڤینی بادینانی** قسەخۆش گوتی: ئەز دەبێژم کەر گەلەک هێژایە. مەخابن بەخائینان دەبێژن جاشەکەر!.

کەرەکان سەیرێکی یەکیانکرد و سەری رەزامەندییان بۆ هۆنراوەکە و قسەکان لەقاند و بەگوێچکەکانیان چەپڵەیەکیان بۆ شێخ رەزا و بەهەدور لێدا.

پیرەمێردی هۆنەری گەورەی سلێمانی، وەڵامی شێخ رەزای بەم جۆرە دایەوە:

"بۆ لاپەڕە ٢٩ "




## کاک مەسعود لەداخی تورکەکان هەولێرمان مەدە بە عەرەب!

**لە کوردەواری قسەیەك هەیە دەڵێن کە کابان گۆزە بشکێنێ کەس نوقە ناکات. بەڵام کە یەکێکی تر گۆزەکە بشکێنێ کابان دنیا وێران دەکات.**

**ئاخ و هەزار ئاخ لەدەست تۆش کاک مەسعود، تا کەی هەڵە بە هەڵە دەرمان دەکەی ؟.**

ئەگەر "مەجلیس تەشریعیەکەی سەردەمی سەددام" بانگهێشتنی پەرلەمانتارە عەرەبیەکانی بکردبایە بۆ هەولێر، هەزاران بەندووباڵۆرەتان بۆ لێدەدان و دەتانگوت مەجلیسە تەشریعیە کارتۆنییەکەی هەولێر کوردستان پێشکەش بە عەرەب دەکات.

کاک مەسعود ئەگەر ئەمڕۆ پرس بە گەلی کورد بکەی و بپرسی ئایا ئێوە قبوڵتانە کە پەرلەمانتارە عەرەبەکان بێن لە هەولێر کۆببوونەوە بکەن، ٩٥% ی خەڵک لە پێشەوە ئەم پرسیارانە دەکات:

١ – بۆ پەرلەمانتارە عەرەبەکان هیچ شوێنێکی تریان نیە کۆبوونەوەی لێبکەن بێجگە لە هەولێر ؟.

٢ – ئەو پەرلەمانتارانە بۆچی دێن بۆ هەولێر ؟، بۆ داوای لێبووردن لە کرداری ناڕەوای ١٤٠٠ ساڵەیان تاکو ئەمڕۆ، یان دەیانەوێ لە هەولێر باسی کێشەی فەلەستین بکەن و شەڕی ئیسرائیل بە ئێمە بکەن.

٣ – ئەو پەرلەمانتارانە شارەکانی موسڵ، تکریت، سامەرا، بەعقوبە و کەرکوک بەخاکی کوردستان دەزانن، یان دەیانەوێ بەو کۆنفرانسەش تاپۆی هەولێر بخەنە سەر عەرەب.

٤ – ئەو پەرلەمانتارانە بۆ پێشتر نەهاتن و وتیان تاکو ئاڵای عێراقی لە هەولێر هەڵنەکرێتەوە ئێمە نایەین.

٥ – کێشەی کورد و خاکە داگیرکراوەکان بە پەرلەمانتارانی عەرەب چارەسەر دەکرێ!؟، بۆچی لە وڵاتەکانی خۆیان چیان بۆ خەڵکی خۆیان کردووە تاکو بێن دەست لە ئیش و کاری کورد وەر بدەن.

کاک مەسعود دەبوو ئەو پرسیارانەی جەماوەری کوردت لێکبدابایەوە ئەوجا ڕێگەت بە حوشترەوانەکانی عەرەب بدابایە تا بێن میزی حوشتر بە قەڵای هەولێریشمان دابکەن.

کاک مەسعود ئاوڕێک لە هەڵەکانی پێشووت بدەوە و بزانە هەڵەکان چ زەرەرێکی بە بەرژەوەندیی نەتەوایەتی گەیاندووە:

١- لە سەردەمی شەڕی خۆبەخۆ لە داخی جەلال تاڵەبانی و PKK و سوپای پاسدارانی ئێران، ئەو بەشە ئازاد کراوەی کوردستانت پێشکەش بە لەشکری تورکی کردو تاکو ئێستاش لە زۆر نێوچەدا ماون.

٢ ـ لە ٣١ ی ئاب دا لەداخی جالال تاڵەبانی و PKK و ئێران و فارسەکان تاپۆی ئەو بەشە ئازاد کراوەت دایە سەدام و لەشکری عەرەبی.

٣ – ئێستا لە داخی تورکەکان دەتەوێ تاپۆی ئەو بەشە ئازادکراوە بدەیە پەرلەمانتارە عەرەبەکان؟؟ ئەو کردارەشت وەک ئەوانی تر هەڵەیە و زەرەری زیاتر دەبێ لە قازانج.

### کاک مەسعود:

***- بازرگانی باش بەو بازرگانە دەڵێن کە دەستمایەی خۆی بەکار نەهێنێ و بازرگانی بە پارەی خەڵکەوە بکات.**

***- جەنگاوەری باش بەو جەنگاوەرە دەگوترێ کە شەڕ لە خاکی خۆی دوور بخاتەوەو شەڕ بەرێتە نێوماڵی دوژمنەوە.**

***- سیاسەتمەداری باش بەو سیاسەتمەدارە دەگوترێ کە خۆی بەبچوک نەزانێ، دەموچاوی نەخوێنرێتەوە، داوایەکانی گەورەتر بێ لەقەوارەی خۆی و خەڵک بکاتە بەردەبازی نەتەوەکەی خۆی.**

**کاک مەسعود دەنگی نەتەوەیی کورد دژی بەستنی کۆنفرانسی پەرلەمانتارانی عەرەبە لەو بەشە ئازاد کراوەی کوردستان و پێمان وانیە هیچ دەستکەوتێکی بۆ کورد تێدابێ، جا تکات لێدەکەم لە زەلکاوی برایەتی کوردو عەرەب وەرە دەرەووە ڕێگە مەدە عەرەبەکان ئەو دەفەرەتە بۆخۆیان بقۆزنەوەو هەولێریشم بە نیشتمانی عەرەب لەقەڵەم بدەن.**

**سەردار پشدەری**
**١٠ – ٣ – ٢٠٠٨**

http://www.kurd-oil.net

# دیاریکردنی ئامانجی خەبات و قۆزتنەوەی هەلومەرج!



دوکتۆر حسێنی خەلیقی

سیاسەتزانەکان، وشەی "سیاسەت" بەم جۆرە پێناسەدەکەن کە: "بریتییە لە تێکۆشین بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات". لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدا کە دەسەڵات ودەسەڵاتداریتیی بۆ کێ ولە کۆی؟ واتە چەمکی "دەسەڵات"، کاتێک دەبێتە خاوەن واتا، کە خەڵکێک و خاکێک لە ئارادابێ.

پێکهێنەرانی ئەو رێکخراوانە کە لە سەربنەمایەکی زانستی-شۆرشگێری، پێکدێن و درێژە بە خەبات دەدەن، رادەگەیەنن کە دەسەڵات لە خاکێکدا و بۆ خزمەت بە خەڵکی ئەو خاکەیە.

ئەمە ئەلف و بێ، یان سەرەتای باسی سیاسیی–شۆرشگێرییە. ئەم بەشە کاتێک دەکەوێتە بەرباس، کە لەپێشدا، ئامانجی خەبات وتێکۆشین بە وردی دیاریکرابێ. بۆ نەتەوەیەکی بندەست، ئامانج بریتییە لە: "رزگارکردنی خاک و نەتەوە لە داگیرکردن وچەوسانەوە" بۆ چینێکی بندەست، ئامانج بریتییە لە: "رزگارکردنی ئەوچینە لە ژێرستەمی سەرمایە و دەسەڵاداران". ئەگەر وەک وترا، سیاسەتکردن بوو بە ئامرازی گەیشتن بە دەسەڵات و، دەسەڵاتیش کەوتە خزمەتی ئامانجی خەبات، کە رزگاریی خاک و خەڵک و چینی بندەستە، وەک گوتم، ئامانج دەبێتە "رزگاربوونی نەتەوە، یان چینێکی کۆمەڵایەتی لە چەوسانەوە". ئەمەش واتای ئەوەیە خەبات بگاتە قۆناخێک کە خەڵک ئازادانە بتوانن چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان دیاری بکەن و وەکیەک و لە رێگەی تایبەتییەوە لە هەڵسووڕانی کاروباری وڵاتدا بەشداربن. بە وتەیەکی دیکە، قەوارەیەکی سیاسی ئەوتۆ دامەزرێنن کە بە پێی هەلومەرجی هەبوو، زۆربەی داخوازەرەواکانیان جێبەجێ بکرێ. کەوابوو خەبات بۆ ئافراندنی زەوینەیەکە، کە خەڵک لەودا لە چەوسانەوەی جۆراوجۆر رزگاربێت. ئەگەر ئامانج ئەوەندە بەرز و پیرۆزبوو، خاوەن ئامانجەکان یان شۆرشگێران، دەبێ بۆ گەیشتن بەو گەوهەرە پیرۆزە، هەم لە کەرەستەی پیرۆز کەڵکوەربگرن و، هەم ئەوەندە فیداکاربن کە هەموو شتێک، تەنانەت گیانیشیان، لە پیشگای ئەو ئامانجەدا بکەنە قوربانی. بە وتەیەکی دیکە، گشت بەرژەوەندییەکان، چ تاکەکەسی و چ گرووپی، نێوچەیی، عەشیرەیی، دەبێ لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پلەی بەرزیی ئامانجی خەباتدا، بێترخ بن و هەموویان لە پێناوگەیشتن بە ئامانج، یان رزگارکردنی گەل و نەتەوە و چین لە ژێردەستی و چەوسانەوە، وەلابندرێن و، تەنانەت بکرێنە کەرستەی گەیشتن بە ئامانج.

**بەم جۆرە، ئەگەر ئەم پێشەکییانە پەسند بکەین، پرسیارێکی بنەرەتیی سەرهەڵدەدا، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر شۆرشوانان لە رەوتی خەباتدا، بە پێچەوانەی ئەم پێشەکییانە رەفتاریان کرد، یان بە وتەیەکی راست و رەوان، ئەگەر ئەوان بە ئاشکرا، ئامانجیان کردە قوربانیی بەرژەوەندییە پەستەکانی خۆیان و لە سەردەسەڵاتی بێ خاک و خەڵک! و لەتاراوگە، ملیان لە ملی یەکترنا و ریزەکانی خەباتیان تێکدا و هیوای خەڵکی بە ئاوات نەگەیشتوو و ژێرچەپۆکەیان کردە بڵقی سەرئاو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم باسەی سەرەوە، دەتوانین پێیان بێژین: "شۆرشگێر"، یان بەرپرسیار و بەرعۆدە لە بەرانبەر خەڵکەوە؟ ئایا بە ئاوڕدانەوە بە ویژدانی خۆیان (ئەگەر کۆچی دوایی نەکردبێ) و ئەوپەیمانەی لەگەڵ خەڵکەکەیان وهاوخەباتەکانیان و شەهیدانی رێگەی ئازادی بەستوویانە، دەتوانن خۆیان بە "شورشگێر" پەسن بکەن و ئیتر چاویان هەڵدێ سەیری رەنگی زەرد و چاوی بە فرمێسکی دایکانی شەهیدان بکەن؟! ئەگەر پاراستنی بەرژەوەندیی پەست لە هەڵسوکەوتی رێکخراوەییدا، بوو بە بەشێک لە فەرهەنگ و لە رەفتاری رۆژانە و لە گشت پەلوپۆیەکانی رێکخراودا، رەنگیدایەوە، ئەگەر کار گەیشتە ئەو شوێنە، کە ئامانج ون بوو و ئەم رەوتەش لەشی رێکخراوی داڕزاند و پەلپەلی کرد و، ئەگەر لە هەلومەرجی لەبارێشدا کە قۆزتنەوەی لە لایەن شۆرشگێرانەوە، یەکێکە لە پلەکانی سەرکەوتن، ئەم کێشە پرێشە زیاتر تەشەنەی کرد و لەجیاتی هەوڵدان بۆ رزگاریی، هێزوتواناکان بەفیرۆدران، یان بۆ هەڵشێلانی یەکتر تەرخانکران، دەکرێ بێژین، ئاسەوارێک لە شۆرش وهەستی شۆرشگێری و پەیمانی "نەسرەوتن تا سەرکەوتن" لە ئارادا ماوە؟!**

"بۆ لاپەڕە ٢١"

"ماوەی لاپەڕە ٢٠"

بەردەوامبوونی ئەم ڕەوتە، بەری کولتوری کۆمەڵگەی شوانکارەیی-عەشیرەییە. هەرچەند دەبێ شۆڕشگێر، تێبکۆشێ لەگەڵ ئەم نەخۆشییە سامناکە و شۆڕشگێربەزێن و ڕەنج بەفیڕۆدەرەدا، بەربەرەکانێ وململانێ بکا و شوێنەواری لەریزەکانی ڕێکخراودا، بشواتەوە، سەرەڕای ئەوە، مێژووی خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نافین، بە تایبەت نیشانیداوە، نەک تەنیا ئەم نەخۆشییە لە ڕێکخراوەکانی ئەو نێوچەدا، بنەبڕ نەبووگە، بەڵکو زەقتر لە خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگەکەیان، کە لەوێ کەمتر لەگەڵ ئەو دیاردانە بەربەرەکانێ دەکرێ، کەڵکی لێوەردەگیردرێ! ئەمەش بە شێوەی پەروەردە و فێرکردنی دەروونیی ڕێکخراوەکانەوە، گرێدراوە.

هەرجۆرێک بێ، ئەم برینەقووڵە کۆنەی لەشی شۆڕشگێرانی دەڤەرەکەی لەمەڕ ئێمە، کەجارجار پەترۆکەی لە سەرهەڵدەدرێتەوە، لەم هەلومەرجەدا کە بۆ دانیشتوانی کوردستان، ڕەخساوە، ئەم ئاکامەی لێکەوتووەتەوە و، ئەم بەرەی داوە کە تێغەرەی پشتی یەکێتی و یەکگرتن ویەکدەنگی و ئامانجخوازی، لێکترازاندووە و، ئەم پرژوبلاوی و سەربێکلاوییە، بووەتە هۆی ئەوە، زەوینەی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، لە نێو ڕێکخراوەکوردییەکاندا، ببێتە شتێکی نەگونجاو. بەم جۆرە لەم کاتەدا کە دەبێ گشت هێز و تواناکان بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوتی خەبات تەرخان بکرێن و، بۆ گەیشتن بە ئامانجی ون بووا! لەخاڵەلاوازەکانی دوژمن کەڵکوەربگیردرێ، تەقە و لێکدانی ڕاگەیاندن وتاوانبارکردنی یەکتر و، گەڕان بە دوای خاڵەلاوازە بەرفراوانەکانی یەکتردا، بووەتە ئامانج و، کەس توانای پەسندکردن، یان قووتدانی ڕەخنەگرتن لە هەڵە بەرفراوانەکانی خۆی نییە و لەو بوارەدا، چالاکیی وەها نیشاندەدرێ، کە لە گۆڕەپانی خەباتدا دژ بە دوژمن، وێنەی نابیندرێ! ئەمەش نە تاوانی دوژمنە و نەبەری بەخت و جەختە.

## ژان پۆلسارتر فیلسوفی فەرانسەیی ڕێبازی بوون دەبێژێ:

"هەرکەسە لەبەرامبەر وتە و کردەوەکانی خۆیدا، بەرپرسیارە و بروبیانوو هێنانەوە بە داسەپاندنی هەلومەرج و بارودۆخ لەو پێوەندییەدا، دەوری نییە".

هەربۆیە لە ئافراندنی دۆخێکی ئەوتۆدا کە باسی لێوەکرا، کەس زاڵێ بێتاوان نییە و گشت ئەوانەی لەو پێوەندییەدا، نەخشی سەرەکییان بووگە، بەرپرسیارتر و تاوانبارترن و، ئەگەر هەلومەرجێک بێتە ئاراوە، خەڵکی فیداکار و ئازادیخواز، بتوانن، ویست و خواستی ڕەوای خۆیان وەدی بێنن، تاوانبارانی ئەم بێنەوبەرە و لێکئاڵان وتێکخزان و لێکترازانە پرژانانە، لە دادگەیەکی دادپەروەرانەدا، دەبێ وەڵامی ئەم ڕەفتارە دزێوانە، بدەنەوە.

## ماموستا جەمال نەبەز

## "بێ دەوڵەتی "

## بۆ گەلی کورد مانای چی!

نەبوونی دەوڵەتی کورد مانای وایە کە بوونی کورد خۆی لەبەر مەترسیی نەماندایە. چۆنکە هەر دەزگەی دەوڵەتییە کە لە دۆخی ئەمڕۆدا دەتوانێ خاکی نەتەوەیەک بپارێزێ لە دەستدرێژکەران و، هەر دەوڵەتیشە کە لەجیهانی ئەمڕۆدا دەتوانێ ڕەوایەتییەکی قانونی بۆ ئەوە دروست بکات کە خاکی وڵاتێک ماڵی نەتەوەیەکە. نەبوونی دەوڵەتی کورد، مانای وایە ئەو خاکەی کوردستان کە چەند هەزار ساڵێکە نیشتمانی نەتەوەی کوردە، بەماڵی کورد نەدرێتە قەڵەم، بەڵکو بەماڵی ئەو دەوڵەتانە بدرێتە قەڵەم کە کوردستانیان بەشکردووە و، هیچیشیان دەوڵەتی کورد نین. جا لەبەر ئەوەی خاکی کوردستان بەماڵی کورد نازانرێ، دیارە هیچ جۆرە زامنێکیش نییە بۆ ئەوەی کورد دەتوانێ لەسەر خاکەکەی خۆی بژی و بمێنێتەوە. گەلێک لەو پرۆژانەی کە بۆ کۆچپێکردنی کورد سازکراون، وەک پشتێنی عەرەب (الحزام العربي) لە سووریا کە لەساڵی ١٩٦٢ ەوە دەستپێکرا بەوەی کورد لەسەر سنووری کوردستانی عێراق و تورکیا کۆچ پێبدرێ و زەوییەکەیان بدرێ بە عەرەب و، ئەو پرۆژانەی کە لە عێراق لەپاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول سازکرا کە بە قوولی ٢٠ کیلۆمەتر کورد لەسەر سنوورەکانی کوردستانی بندەستی ئێران و تورکیا گوێزرانەوە و بەزۆر خرانە خانووی وەک کولانە مریشکەوە، یان ڕەوانەکران بۆ خوارووی عێراق. هەروەها ئەو پرۆژەیەی کە حکوومەتی Türgut Özel لە تورکیا لەساڵی ١٩٨٤ خستییەکار و گەلێک گوندی لەسەر سنووری کوردستانی عێراق، کە کەوتوونەتە مەڵبەندی هەکارییەوە، بەزۆر بە خەڵکەکەی چۆڵکرد.

بێجگە لەوەش ئەو پرۆژانەی کە لەکۆندا هەبوون بۆ کۆچپێکردنی کوردی هەمەوەند لەزەمانی عوسمانیدا بۆ نێو تورک، کۆچپێکردنی کوردی باکووری کوردستان لەدەورانی ئەتاتورکدا بۆ ڕۆژاڤای تورکیا، کۆچپێکردنی گەلواخی لەزەمانی سەفەوییەکاندا، کۆچپێکردنی گەلێک هۆزی کورد لەزەمانی ڕەزاشادا .... و هتد.

پەرتۆکی "دۆزی ناسیۆنالی کورد"
لاپەڕە (٨٣) و (٨٤)

# میژووی "مواد مخدر" له ئێران و، لەجیهان!

نووسین و لێکۆڵینەوە:
سیروان کاوسی

## (٤)

## کۆماری ئیسلامیی ئێران و، دیاردەی مادەسڕکەرەکان!

هەروەک لەپێشدا ئاماژەمان کردبێ، فەرماندەکانی سوپای پاسداران، یەکەیەکی تایبەتیان لە "سوپای قودس" دەستنیشانکرد، بۆ ئەوەی دزە بکاتە نێو باندەکانی گەورەی هێرۆئین لە ئەفغانستان و پاکستان و بەلوچستاندا. شایانی باسە، "سوپای قودس"، باڵی دەرەوەی سوپای پاسدارانی ئیسلامیی ئێرانە کە لەساڵی ١٩٨٠، بەفەرمانی ئایەتوڵلا خومەینیی دامەزرا (*). ئەو یەکە تایبەتییەی سوپای قودس، لەماوەیەکی کەمدا توانیبوویان خۆیان تێکەڵ بە مافیای ئەفیوّن لە ئەفغانستان بکەن و، گەلێک جاریش کاتی هاتوچۆی کاروانەکانی مادەسڕکەرەکان بۆ هێزەکانی ئێران لەسنوورەکان ئاشکرابکەن و، زەربەی کاریگەیان لێبوەشێنن. بەڵام پاش کۆتایی جەنگی عێراق - ئێران و مردنی ئایەتوڵلا خومەینیی، ڕۆڵی یەکەی تایبەتی سوپای قودس، بەرە بەرە گۆڕا و، لەساڵی ١٩٩٠ بەملاوە، ڕاستەخۆ دەستی تێکەڵ بە بازرگانیکردنی هاوردە و هەناردەی هێرۆئین و تلیاک کرد.

هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتیی ئەم گۆڕانە هزرییە لە ڕوانگەی ئایەتوڵلا خامنەیی (جێنشینی خومەینیی)، و کاربەدەستانی گەورەی ڕژێم، سەبارەت بە مادەسڕکەرەکان، پاش ئەوە سەریهەڵدا، کە بەرێگەی فەرماندەکانی سوپاوە ئاگاداری داهاتی سەرسووڕهێنەری ئەم مادەیە بوون.

**بۆ ئاگاداربوونی خوێنەرەوە، ئەوڕۆکە لە هەموو جیهان "مواد مخدر" بە یەکێک لە سەرچاوەکانی ئابووریی دادەنرێت و، لە ساڵێکدا (١٦٠٠ میلیارد دۆلار) واتە یەک تریلیۆن و، شەشسەد میلیارد دۆلار داهاتی ئەم مادە زیانبارەیە. قاچاخچییەکانی "مواد مخدر" لە جیهان، لەساڵدا پتر لە (٥٠٠) پێنجسەد میلیارد دۆلاریان دەستدەکەوێ. ئەمە لە کاتێکدایە، وڵاتێکی وەکو ئێران کە بە وڵاتی گاز و زێری ڕەش بەناوبانگە، داهاتی هەڵێنجان و، هەناردەی سامانی ژێر زەویی لە ساڵێکدا دەگاتە (٢٠) بیست میلیارد دۆلار.**

ڕازیبوونی ئایەتوڵلا خامنەیی، بۆ دەستێکەڵکردنی سوپای پاسدارانی ئیسلامیی بە بازرگانیکردنی مواد مخدر، دوو ئامانجی لەپشت بوو. یەکەمیان، بەرزکردنەوەی توانای ئابووریی کە ڕژێم دەتوانێت بەهۆیەوە، بووجەی پرۆژەکانی جەنگیی سوپای قودس لەدەرەوەی وڵات ـ بەتایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین جێبەجێ بکات. چونکە پێوەندیگرتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئیسلامیی لەسەرتاسەری جیهان ـ کە زۆربەیان نێویان لە لیستی "تیرۆریست" ی وڵاتانی ڕۆژئاواییدایە، و، گەیاندنی یارمەتی دارایی و چەکوچۆڵ پێیان و، پەروەردەکردنیان و ناردنی تیمەکانی تیرۆر بۆ لەنێوبردنی کەسایەتی و نەیارانی سیاسیی ڕژێم لەدەرەوە، هەروەها سازکردنی تۆڕەکانی سیخوڕیی بەرێگەی بەشێک لە کادرەکانیان کە نێوی دیپلۆماتیان لەسەرە و، لە باڵوێزخانەکانی ئێران بەنێوی "مشاور" (ڕاوێژکار) لە پێتەختەکانی وڵاتانی جیهان کاردەکەن. ئەنجامدانی ئەم کارانە هەرهەمووی لەئەستۆی "سوپای قودس" دایە. لەبەر ئەم هۆیانە، وەگەڕخستنی پرۆژەی سوودوەرگرتن لە "مواد مخدر"، قورسایی لەسەر پشتبەستن بە فرۆشتنی نەوت کەمدەکاتەوە، کە بە تاکە سەرچاوەی ئابووریی ئێران دەژمێردرێت.

بابەتی دووەم کە هاندەری بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی بوو لەئەنجامی ئەم پرۆژەیەیاندا، ئەوەبوو، بڵاوکردنەوەی مواد مخدر لەنێو وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی و، وڵاتانی ناموسڵمان بە گشتیی، بەرەی ناموسڵمان (کافر) لاواز دەکرێ و، کێشەی کۆمەڵایەتییان بۆ سازدەبێت.

ڕێنوێنی و پێشنیازی ئایەتوڵلا خامنەیی بۆ فەرماندەکانی سوپای پاسداران ئەوە بوو، کە ئەم پرۆژەیە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دەبێ و، کاربەدەستانی وئۆرگانەکانی پێوەندیدار پێویستە لەسەریان وەک ڕابوردوو چالاکییەکانیان لەدژی مواد مخدر و، قاچاخچییەکان درێژەپێبدەن، بەڵام وەک دواتریش ئاشکرابوو، ئەو بڕیارە، هەر قسەی ڕووت و بێنێوەرۆک بوو، چۆنکە، هەروەک چۆن هەموو پلان و پرۆژەکانیان بۆ لەنێوبردنی مادەسڕکەرەکان شکستیهێنابوو، بێگومان، پاش دەستبەکاربوونی ڕاستەوخۆی ڕژێم خۆی لە فرۆشتن و بازرگانیکردنیدا، بەهیچ جۆرێک نەیدەتوانی لە بازاڕی پرداهاتی نێوخۆی ئێران چاوبنووقێنێ کە بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکەمین وڵاتی جیهانە کە زۆرترین مادەسڕکەرەکانی تێدا دەکێشرێت. جگە لەوەش، پاش تەواوبوونی جەنگی عێراق ـ ئێران، کاربەدەستانی گەورەی ڕژێم، هاتنەسەر ئەو باوەڕەوە کە لەبەرامبەر بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتی و، ئەگەری سەرهەڵدانی کۆمەڵانی خەڵک

سەبارەت بە داخوازییەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتییان، دەتوان لە مادەسڕکەرەکان، وەک چەکێکی کاریگەر سوود وەربگرن. پێرەوکردنی ئەم سیاسەتە، بەتایبەتیی لەرۆژهەلاتی کوردستان، بەئاگاداریی تەواوی کاربەدەستان و سەرپەرشتیکردنی دەزگەی ئاسایش (اطلاعات)، نەخشەی بۆ دارێژرا (دواتر دێینە سەر ئەم بابەتەش).

"سوپای پاسدارانی ئیسلامیی ئێران"، لەکاتی دامەزراندنی شۆرشی ئیسلامی و، لەسەردەمی ئایەتوڵلا خومەینیدا، ئەرکی ڕاستەوخۆی پارێزگاریکردن بوو لە شۆرشی ئیسلامی و لەنێوبردنی سەرهەڵدانی نێوخۆ و پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی ئێران، بەڵام ئەورۆکە، بەهۆی دەستێکەڵکردنییەوە بە بازرگانیکردنی "مواد مخدر"، و بەشداری ڕاستەوخۆی لە پرۆژەکانی وەک نەوت و گاز و ئەلکترۆنیک و، کارگەی سازکردنی چەک و نێوەندەکانی ئەتۆم و، کرینی راکێت و چەکوچۆڵ و، هەموو بەشەکانی دیکەی بازرگانیی نێوخۆی ولات، لە هێزێکی چەکدارییەوە، بووە بە لایەنێکی سەرەکیی لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی لە ئێران و، وەلی فەقیە (ئایەتوڵلا خامنەیی) پش پشتیوانیی تەواو دەدات لێیان. بەشێک لە سەرمایەکانی سوپای پاسداران بەنێوی کۆمپانیا و شەریکەی جۆراوجۆرەوە، لەوڵاتانی کەنداو خراوەتە گەڕ و، تەنێ لە ولاتی دوبەی، لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا پتر لە (٢٦٠٠) شیرکەت و، کۆمپانیای بەنێوی جۆراوجۆرەوە دامەزراندووە.



سوپای پاسداران، لەسێ شارێی سەرەکییەوە مواد مخدر بە نێو ئێران و ولاتانی کەنداو و، وڵاتانی جیهاندا بڵاودەکاتەوە!

رێگەی یەکەم، لە ئەفغانستانەوە، مواد مخدر، دەهێنرێتە ستانی خوراسان و، بە ترێلی و ئۆتۆمۆبیلی بارهەڵگر و، شەمەندەفەر، دەگوێزرێتەوە بۆ تورکیا و، لەوێوە بەرەو ئۆروپا بەرێدەکرێ. چۆنێتیی ئاودیکردنی لە سنووری نێوان ئێران – تورکیا، بەو چەشنەیە، بەپێی رێککەوتنی پێشوەخت لەنێوان فەرماندەکانی پاسگەی هەردوولا لە سەر سنوور، حەفتەی جارێک، دوو سەعات لە رۆژ، یان لە شەودا دەستنیشاندەکەن. کاتێک ترێلەکانی بارهەڵگر کە تلیاک و هێرۆئینیان تێدا شاردراوەتەوە، دەگەنە شوێنی پەرینەوە، فەرماندەکانی هەردوو دیوی سنوور، پاسەوانی پاسگەکان ئاگادار دەکەن، لەو کات و سەعاتە تایبەتییانەدا، هیچ ترێلییەک نەپشکنن. پاش ئەوەی ترێلییەکان یەک بەدواییەکدا پەرینەوە بۆ نێو خاکی تورکیا و، کاتی دیاریکراو تێپەربوو، ئەوجا، فەرماندەکان بەتەلەفۆن پاسەوانەکان ئاگادار دەکەنەوە، کۆنترۆڵ و پشکنینی تەواو ئەنجامبدەن!

رێگەی دووەم، لە سیستان و بەلوچستانەوە، دەبرێتە سەر سنوورەکانی ئێران لە زەریای عوممان و، لەوێوە، بە پاپۆری گەورەی بازرگانیی – کە تایبەتە بە سوپای پاسدارانن، بەرەو وڵاتانی کەنداو و، هەروەها بە سەرتاسەری دنیادا بلاودەکرێتەوە.

کاربەدەستانی وڵاتانی کەنداو، بەتەواوەتیی لەم بابەتە ئاگادارن و، تاکو ئێستا چەندین کۆبوونەوەیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بە پێشگیریکردن لە مواد مخدر بۆ وڵاتەکانیان ئەنجامداوە، هەروەک سەرداری پاسدار ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدەم فەرماندەی "نیروی انتضامی" (هێزی پارێزگاریی) کۆماری ئیسلامیی ئێران و، راوێژکاری سەرکۆمار و سەرۆکی گشتیی نێوەندی خەبات لەدژی مادە سڕکەرەکان، رۆژی ٢٠٠٨/١/١٠ چوو بۆ مەسقەت پێتەختی وڵاتی عوممان و، لەگەڵ "عەلی بن ماجد ئەلمەعمەری"، فەرماندەی سوپا و وەزیری نووسینگەی سوڵتان قابوس دیداری کرد.

پاسدار ئیسماعیل ئەحمەدی لەو دیدارەیدا رایگەیاند، "هێزەکانیان تاکو ئێستا (٧٠) تەن (شەست هەزار کیلۆ) مادەسڕکەرەکانیان لە کەنداو گرتووە و، (٣٠) هەزار کیلۆی لەرێگەی هێنان بۆ عوممان، لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە گیراوە.

دوژمنانی ئێران، دەیانەوێ وڵاتی ئێران وەکو مەترسییەک بۆ سەر وڵاتانی کەنداو پیشانبدەن، بەڵام ئێمە لە هەوڵی بەردەوامداین، پێوەندیی نێوان ئێران و وڵاتانی کەنداو پتەوتر و بەربڵاوتر بکەین و، ئێران بەهەموو توانایەوە تێدەکۆشێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی وڵاتانی کەنداو!"

بێگومان قسەکانی ئەم فەرماندەیە، درۆ و چەواشەکارییەکی ئاشکرایە، چونکە سنوورەکانی خوارووی ئێران لە کەنداو و زەریای عوممان، بەتەواوەتیی لەژێر کۆنترۆڵی هێزی زەریایی سوپای ئێراندایە و، جگە لە پاپۆڕەکانی بازرگانیی، هەروەها پاپۆڕەکانی تایبەت بە گواستنەوەی مسافر و توریست، کە لەکۆنترۆڵی حکوومەت و بەشی زەریایی هێزەکانی سوپای پاسداراندایە. رێ بە خەڵکی ئاسایی و ماسیگر نادەن تاکو بە گەمیی خۆیانەوە سنوورەکانی ئاوی ئێران ببەزێنن و، بەرەو وڵاتانی کەنداو بچن. بەتایبەتیی لەبارودۆخی ئاڵۆزی ئێستا کەبەسەر کەنداودا زاڵە و، هەرکات و ساتێک ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان هێزەکانی زەریایی ئەمریکا و ئێران لە ئارادایە، هێزی زەریایی ئێران، چاودێری و کۆنترۆڵی تەواوی هەیە بەسەر لێوارەکانی کەنداو و زەریای عوممان کە دەکەونە سنوورەکانی خۆیەوە. لەبەر ئەوە، جگە لە مافیای سەر بەرژێم، هیچ کەس و لایەنێکی دیکە ناتوانێ لەمانگدا هەزاران تەن مادەسڕکەرەکان بە وڵاتانی کەنداودا بڵاوبکاتەوە.

رێگەی سێیەم: لەپێشدا لە ئەفغانستانەوە دەهێنرێتە خوراسان و، دەکرێت بە دوو کەرتەوە. کەرتێکی بەرەو باکووری ئێران و وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست دەبرێ و، لەوێوە دەگەیەندرێتە بازاڕەکانی ئوروپا. (باندەکانی قاچاخی هێروئین و تلیاک لە ئەفغانستان بۆ خۆشیان زیاتر ئەم رێگەیە بەکار دەهێنن!). کەرتەکەی دیکەش هەر لە ستانی خوراسانەوە، بەنێو هەموو شارەکانی ئێراندا بڵاودەکرێتەوە.

شایانی باسە، لەنێو دڵی مافیای دەوڵەتیدا، دەیان مافیای بچووک و لق و پۆپی لێ بووەتەوە و، هەریەکەیان سەری بەکلکی فەرماندە و دەسەڵاتدارێکەوە گرێدراوە و، بازاڕی نێوخۆی ئێران دابین دەکەن. خەڵکێکی دیکەش هەن کە سەربەخۆ وبەنهێنیی کاردەکەن و لەدەرەوەی بازنەی سوپای پاسدارانداُن. ئەم بەشە، لە باشووری رۆژهەڵاتی ئێران، واتە لە بەلوچستانی پاکستانەوە، هێروئین و تلیاک دەیگەیەننە سیستان و بەلوچستانی ئێران. ئەوجا بەهاوکاریی لەگەڵ بەشێک لە ژاندار و سەربازەکان، بەنهێنی و بە ئۆتۆمۆبیل، بە شارەکانی ئێراندا بڵاویدەکەنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە رژێم، زۆرترین خاڵی پشکنینی ئۆتۆمۆبیل و، گەڕان بەدوای مواد مخدری لە بەشی پارێزگەی سیستان و بەلوچستان داناوە. ئێستاش گەلێک جار گوێبیستی شەڕولێکدانی چەکدارانە لەنێوان هێزەکانی ئێران و چەکدارەکانی مافیای هێروئین لە بەلوچستان دەبین و، کاربەدەستانی ئێران، ئەو شەڕ و لێکدانانە، بە خەباتی بەردەوام لەدژی مادە سڕکەرەکان نێودەبەن و، هەموو جارێکیش کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی پێوەندیدار لە ئەنجامی چالاکییەکانیان ئاگادار دەکەنەوە. بەڵام کەس نییە لێیان بپرسێت، ئەی هۆی چییە، ئەو هەزاران کیلۆ مواد مخدرەی لەمانگدا بەرەو تورکیا دەبرێن، بۆچی بۆ جارێکیش نەگیراون و، ناگیرێن و، لە میدیای رژێمەوە باسیان لێوە ناکرێت؟!.

هەر لەپێوەند لەگەڵ ئەم بابەتەی لەسەرەوە ئاماژەم کردپێی، وەزیری نێوخۆی ئێران کەنێوی (مستەفا پوور محەممەدی) یە، رۆژی ١٧ی مانگی نەورۆزی ساڵی رابوردوو (٢٠٠٧)، لەوتووێژی لەگەڵ دەزگەی هەواڵنێری "ئیسنا" ئەو راستییەی درکاند و، گوتی: "بەداخەوە، بەشێک لە فەرمانبەرەکان و، هێزەکانی ئاسایش و ئۆرگانەکانی حکوومەت، لە بازرگانیی مواد مخدر بەرێژەیەکی زۆر دەستیان هەیە".

پاش خستنەڕووی ئەم مێژووە کورتە، لە خەبات و بەربەرەکانیی رژێم لەدژی مادەسڕکەرەکان و، هەروەها چۆنێتیی دەستبەکاربوونی رژێم لەبازرگانیکردن بەم مادەیە، ئێستا با چاوێک بەنێوخۆی ئێراندا بخشێنین و، بزانین، پاش تێپەڕبوونی نێزیک بە (٣٠) ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی، بارودۆخی ئەفیون و ئەفیونکێشان لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا بەکوێ گەیوە؟!

بۆ ئەوەی زانیاریی تەواومان لەم بارەوە بکەوێتەدەست، باشتروایە وتەی کاربەدەستان و بەڵگەنامەی دەزگەکانی حکوومەتی و میدیای رژێم وەک نموونە بهێنییەوە!

"ئیسنا" (دەزگەی هەواڵنێری خوێندکارانی ئێران)، مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٨٣ ی هەتاوی (٢٠٠٤ی زاینیی) لەزمانی جێگری سەرکۆمار و سەرۆکی خەبات لەدژی مواد مخدر، بەنێوی عەلی هاشمی، بڵاویکردەوە: "لە ئێراندا پانزە ملیۆن کەس هەموو جۆرەکانی مواد مخدر دەکێشن. لە ٦٥%ی تووشبووەکان پیاوی خاوەن خێزانن و، هەریەکەیان لە منداڵێکەوە تا پێنج منداڵیان هەیە". لە ٦٠%ی زیندانییەکانی وڵات، بەهۆی مادەسڕکەرەکانەوە گیراون. سەت و نەوەد ملیۆن معتاد لەجیهاندا هەن، کە ١١ ملیۆنیان ئێرانین".

رۆژنامەی "مردم سالاری" لەراپۆرتێکیدا کە ساڵی ٢٠٠٤ ی زاینیی، لەزمانی مەجید زەندییە جێگری رێکخراوی پەروەردە و راهێنانی شاری تاران بڵاویکردەوە، دەڵێ: "تەمەنی قوتابیانی گیرۆدەی مواد مخدر لەنێوان ١٣ و ١٨ ساڵدایە. لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکانمان، زانیومانە دایک و باوکی (٨٣٠٠) قوتابی لە

تارانی پێتەخت، گیرۆدەی مواد مخدرن، کە ئەوە دەتوانێ مەترسییەکی گەورەبێت بۆ سەر قوتابی و قوتابخانەکان. ژمارەی قوتابییەکانی تووشبووی مادەسڕکەرەکان لەسەرتاسەری وڵاتدا بە سێ ملیۆن مەزەندەدەکرێ. لە ٢٢%ی خوێندکارانی وڵات، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی بنەماڵەکانیانەوە، مەترسیی تووشبوونیان بە مواد مخدر لێدەکرێت..".

هەروەک دەزانرێت، لەسایەی یاسا و ئایدۆلۆژی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیدا، ژنان لەهەموو مافێکی ڕەگەزی و کۆمەڵایەتیی بێبەشکراون و، لەژێر ستەم و چەوساندنەوەی بەردەوامدان، لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لەکۆنەوە، چینی ژن، بەپێچەوانەی ڕەگەزی پیاوەوە، بەردەوام خۆی لە کێشانی هەموو مادەیەکی بێهۆشمەنییەوە دوور ڕاگرتووە، چونکە بەپێی کولتووری کۆمەڵگەکە، هەر لەکۆنەوە جگەرەکێشان و تلیاککێشان، بەکارێکی تایبەت بۆ پیاو زانراوە، لەبەر ئەوە ژنان خۆیان لەقەرەی ئەم مادەیە نەداوە.

بەڵام لەم دە ـ پانزەساڵەی دواییدا و، لەسایەی پلانەکانی یەک لەدواییەکی دەسەڵاتدارانی بەرپرسیار و دڵسۆزدا، ڕێژەی تووشبوانی "مواد مخدر" لەنێو چینی ژنانیشدا پەرەی سەندووە و، بەپێی ڕاگەیاندراوی بەڕێوەبەرانی حکوومەت، ژمارەی ژنانی "معتاد" بە دووسەد هەزارکەس مەزەندە دەکەن. بێگومان ئەمە ڕاست نییە و، ژمارەی ئەو ژنانەی کە بەهۆی جۆراوجۆرەوە کەوتوونەتە داوی ئەفیۆنەوە، زۆر لەو ڕێژەیە زیاترێکە.



تووشبوونی ژنان بە مادەی ئەفیون، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک. بەشێکیان بەهۆی مێردەکانیانەوە تووش دەبن، چونکە پاش ئەوەی پیاوی ماڵ، بەتەواوەتی دەبێتە گیرۆدەی مواد مخدر، ئیدی مووچە و داهاتی بری ئەوە ناکات بەشە تلیاک و هێرۆئینی ڕۆژانەی لێ دابین بکا و، ژیانی خێزانەکەشی بۆ ناچێت بەڕێوە، لەبەر ئەوە ژنەکەی دەخاتە ژێر گوشارەوە تاکو لەشفرۆشیی بکات. لەو ڕێگەیەوە، ژنەکەش تووشی ئەفیۆنکێشان دەبێت و، پاش ماوەیەکی کورت، منداڵەکانیشیان، بەرەورووی هەموو جۆرە کێشە و کارەساتێک دەبنەوە. بەشێکی دیکەیان، بەهۆی ئاڵۆزیی چوارچێوەی بنەماڵەکانیانەوە بڕیاردەدەن هەڵێن.، بەڵام پاش ئەوەی دەگەنە شارە گەورەکان، لەلایەن مافیاکانەوە، ناچار بە لەشفرۆشی دەبن و، تووشی مواد مخدریان دەکەن. جگە لەو چەند هۆکارەی لەسەرەوە پەنجەمان ڕاکێشابۆی، هەروەها گەلێک جار ژنانی بەڕۆمەت و ئازادیخواز و، شۆڕشگێڕ، لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەگیرێن و، تۆمەتی تلیاککێشان و بێرەوشتی دەدەنە پاڵیان و، ڕاپێچی زیندانەکانیان دەکەن، پاش ماوەیەک کە لەژێر ئەشکەنجەدا دەیانهێڵنەوە، دەستدرێژیی دەکەنەسەریان، پاشان لەسێدارەیان دەدەن. ئەم دیاردە نامرۆڤانەیە، بەتایبەتیی لە زیندانی "ئێڤین" ی تاران، بەشێوەیەکی سیستەماتیک وبەردەوام بەڕێوەدەچێت.

لەم پێوەندەدا، دوکتۆر مستەفا ئقلیما، سەرۆکی ئەنجومەنی هاریکاری و مامۆستای زانستگە لەتاران، لەوتووێژی لەگەڵ هەواڵنێری گۆڤاری "ئێران ئیکۆنۆمیست" دا دەڵێ:

"بەداخەوە، کێشەکانی نیوکۆمەڵ، هەروەها کێشەی خێزانیی، هۆکارن بۆ هەڵاتنی لاوان ـ بەتایبەتی هەڵاتنی کچان لەماڵەوە. ماوەی چەند ساڵێکە ئەم دیاردەیە زۆر پەرەی گرتووە. زۆربەی ئەو کچانەی لە ماڵەوە هەڵدێن، هەر لە یەکەم کات وساتەکاندا دەستدرێژیی دەکرێتەسەریان. هۆکارەکانی هەڵاتنی کچان بریتین لە، بوونی ئاژاوەی بەردەوام لەنێو بنەماڵەکانیاندا، خراپبوونی باری ئابووری بنەماڵە، بەکارهێنانی تەندوتیژی ولێدان و، بێریزیکردن پێیان، پچڕانی پەیمانی هاوسەرێتیی (تەڵاق). بەڵام هۆکاری سەرەکیی هەڵاتنی کچان، بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کەلەلایەن نێوەندەکەمانەوە ئەنجامدراوە، دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی "مواد مخدر". لە ٣٥%ی ئەو کچانەی لەماڵەوە هەڵدێن، یەکێک لەجۆرەکانی "مواد مخدر" دەکێشن. ٢٨% یان تلیاک و، ٢٥% هێرۆئین، ١٥% حەشیش و، لە ٣١% سیگار دەکێشن. لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە ئەم کچانە پاش هەڵاتنیان، بۆ دابینکردنی بژێوییان، ڕوو لەدزیکردن و، لەشفرۆشی دەکەن، ئەوجا لە ماوەیەکی کورتدا دەکەونە داوی باندەکانی بازرگانیی فرۆشتنی ژنانەوە".

بەپێی ڕاپۆرتی نێوەندی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ساڵی ٢٠٠٥ی زاینی بڵاوکراوەتەوە، ئێران

یەکەمین وڵاتە لە جیهان کە تلیاکی تێدا مەسرەف دەکرێت. لە ٧٣% ی هەموو تلیاکی جیهان، لە ئێران دەدۆزرێتەوە. راپۆرتەکە هەروەها دەڵێ، هێزەکانی ئاسایشی ئێران رایانگەیاندووە لەو ساڵەدا ١٧٤ تەن تلیاکیان لە قاچاخچییەکان گرتووە.

رۆبێرتۆ ئاربێرتۆ، نوێنەری نووسینگەی بەربەرەکانێی مواد مخدر و تاوانەکانی سەر بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان، دەڵێ:

"بارودۆخی کێشەی مواد مخدر لە ئێران زۆر خراپتر بووە و، داوا لە ئێران کراوە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی وردتر لەم بارەیەوە ئەنجامبدات. ترانزیتی مواد مخدر لە ئەفغانستان و ئێران و پاکستان و ترکیاوە دەگەیەندرێتە ئۆروپا و باکووری ئەمریکا. هەروەها رێیەکی دیکەش هەیە کە ئەوڕۆکە وەک شارێی گەیاندنی مواد مخدر بۆ ئۆروپا بەکاردەهێنرێ، کە ئەویش رێی وڵاتانی "باڵکان" و وڵاتانی ئاسیای نێوەراستە".

کاربەدەستانی ئێران، هەمووکاتێک رێژەی تەواوی تووشبووەکانی مادەسڕکەرەکان دەشارنەوە و، ژمارەیان بە (٢) تا (٢/٥) ملیۆن بەراورد دەکەن. لەم پێوەندەدا، دەزگەی هەواڵنیریی وڵاتی چین (شینهووا)، لەمانگی بەفرانباری ساڵی ٢٠٠٤ لەزمانی حەمید سارمی کە یەکێکە لە کاربەدەستانی نێوەندی خەبات لە دژی مواد مخدر، بڵاویکروە، لە ئێران پتر لە دە ملیۆن "معتاد" ن.

ئیسماعیل ئەحمەدی، کە ئیستا سەرۆکی نێوەندی خەبات لەدژی مادەسڕکەرەکانە، لەوتووێژی لەگەڵ "واحد مرکزی خبر" کە لەرۆژی ١٣٨٦/١١/١٣ی هەتاوی ئەنجامیداوە، دەڵێ:

"لەساڵی ٢٠٠٧ی زایینیدا، دۆزینەوەی مواد مخدر لەلایەن هێزەکانمانەوە گەیشتووەتە بەرزترین ئاست لەهەموو جیهان. لەماوەی (٩) مانگدا، هێزەکانمان (٤٥٠) تەن (چوارسەد و پەنجا هەزار کیلۆ مواد مخدریان دۆزیوەتەوە)، دۆزینەوەی مواد مخدر بەم رێژەیە لە وڵاتەکەماندا، لەهەموو جیهاندا کۆمونێیە....!".

بەکورتی، ساڵ لەگەڵ ساڵ، رێژەی تووشبوانی مادەسڕکەرەکان لە قوتابخانە و زانستگەکان و لەنێو ژن و منداڵ وهەموو چین و توێژی خەڵک زیاتر پەرەدەستێنێت. لە هیچ چاخ و سەردەمێکدا بەوێنەی ئەم سەردەمە، سەرزەوینی ئێران، نەکەوتووەتە نێو زەلکاوی ئەفیۆنەوە.

### خوێنەرەوەی بەرێز!

ئاشکرایە، رژێمی ئێران لەبەر گەلێک هۆ، راستییەکان لە خەڵک و لە دنیای دەرەوە دەشارێتەوە، سەرەرای ئەمەش، نووسینەوەی ئەم چەند بەڵگەی سەرەوە کە لەزمانی کاربەدەستانی رژێم خۆیانەوە بڵاوکراونەتەوە، گەورەیی ئەو کارەساتە دەردەخەن کە لەسایی مواد مخدر و، نەشارەزایی کاربەدەستانی ئێران لەبەرێوەبردنی ئیدارەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەرەورووی تێکرای دانیشتوانی ئێران بووەتەوە.

بێگومان هەموو ئەوانەی کە بەشێوەیەکی بابەتانە و زانستانە، لە بارودۆخی ئەفیۆن لە ئێران دەکۆڵنەوە، یان لەرابوردوودا لەم دیاردەیان کۆڵیوەتەوە، هەموویان لەسەر ئەو باوەڕە رێکن، کە بەربەرەکانێکردنی مواد مخدر لە ئێران، گەلێک دژوارە و، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ ئەم کێشەیە بەرەورووون. چۆنکە، ئەفیون و دیاردەی تلیاک و تلیاککێشان لەئێران، بەدرێژایی سەدان ساڵ مانەوە و بەکارهێنانی بەردەوامی لەلایەن چین و توێژی جۆراوجۆری خەڵکەوە، تێکەڵ بە کولتوور و ژیان و داوونەریتی کۆمەڵگەی ئێران بووە. هەر دیاردەیەکی خراپ، بەهەر هۆیەک، کە زەوینە رەخسابێ و کاری پێکرا، بەرە بەرە لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگەکەدا تێکەڵ دەبێ. لەبەر ئەوە لەنێوبردنی زۆر ئەستەم و گران دەبێت، چۆنکە ئەو دیاردە دزێوە، لەلایەن خەڵکەکەوە، بووە بە (عادەت) و بە خراپ و شەرم و (عەیب) ناژمێردرێت و، بەکارهێنانی بەشتێکی ئاسایی دادەنرێت. هەروەک لەنێو ئێمەی کوردیشدا، پیشەی جاشایەتیی، یان دژایەتیکردنی بیری پیرۆزی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان و، دژایەتیکردن و گەمەکردن بە تێکۆشەرانی راستینەی رێبازی کوردایەتیی، بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی و، بەشەرم و هێڵی سۆر و خیانەتکردن لە نەتەوە و نیشتمان دانانێدرێ. دیارە ئەمەش بەرۆژێک و بەدوو رۆژ نەبووەتە باو، بەڵکو لەئەنجامی سیاسەتێکی داگیرکەرانەی دەیان ساڵە و، پێرەوکردنی سیاسەتی چەوت و هەڵەی سیاسەتکاری خۆیی، لەماوەی دەیان ساڵدا بووە بە کولتوور و پێرەودەکرێت.

لەنێو کۆمەڵگەی ئێرانیشدا، مادەی ئەفیون، لەدێرزەمانەوە وەک دەرمان و چارەسەری نەخۆشی بەکاردەهێنرێ و، تێکەڵاوی وێژە و ئابووری و کولتووری دانیشتوانەکەی بووە. لە شایی و کۆڕ و بەزمی شەوانە و، لەمیوانی و لەسەر سفرەی ماڵی هەژار و دەوڵەمەند و، سەرۆکی دەوڵەت و مەلا و وەزیر و کاسپ و فەرمانبەر و مامۆستادا، تلیاک و کەلوپەلی تلیاککێشان ئامادەیە. خانەخوێ بۆ سەلماندنی رێزی تەواوی لە میوان، سفرەی تلیاککێشان دەرازێنێتەوە و، کار و ئەرکی رازاندنەوە و، خۆشکردنی ئاگر و پێداویستییەکانیشی، دەسپێرێ بە ژن و منداڵەکانی...

لەبەر ئەوە، ئەگەر حکوومەت و رژێمێک بڕیاری نەهێشتنی دیوەزمەی ئەفیۆن لە وڵاتێکی وەک ئێران دەدات، دەبێ بەر لەهەر کارێک، شۆرشێکی فەرهەنگیی لەدژی ئەم دیاردە رووخێنەرە ئەنجامبدات. بەرێگەی میدیا و لە قوتابخانەکان و، بەدانانی سەمینار و، کۆنفرانس بۆ پیاوان و ژنان لە گەرەک و کۆڵانی شارەکانەوە خەباتێکی رۆشنبیریی "بۆ لاپەڕە ٣١"

# رووسیای تازە و،
# دەسەلاتدارانی راستینەی کرملین

## وتووێژی رۆژنامەی "Die Welt" ی ئەڵمانیا،
## لەگەڵ سەرۆکی دامەزراوەی ئەنستیتۆی ستراتیژی نەتەوەیی رووسیا

### وەرگێران و داڕشتنی: نێعمەت سەفەر تانجمیری

هەواڵنێری رۆژنامەی "Die Welt" ی ئەڵمانی بەنێوی Manfred Quiring وتووێژێکی لەگەڵ ستانسلاڤ بیلۆفسکی سەرۆکی دامەزراوەی ئەنستیتۆی ستراتیژی نەتەوەیی رووسیا ئەنجامداوە، کە لێرەدا دەقی وتووێژەکەتان پێشکێشدەکەم:



**پ: رواڵەتی وڵاتی رووسیا، وای پێشانددا، کە رووسیای ئەمڕۆ لەهەموو روویەکەوە، سەقامگیربووەتەوە، بەڵام لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و سەرکۆماریی ئەوساڵدا، تووڕەبوونێک بەروخساری رێبەرانییەوە دیاربوو، ئێوە لەمبارەوە دەڵێن چی؟**

و: راستە، سەرۆکایەتیی تووڕەیە، چۆنکە گیروگرۆی گەورە لەوڵاتدا هەن، بەڵام سەرۆک پۆتین لەبارەیانەوە بێدەنگە. ئەم کێشانە، جارێک هەروا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. راستییەکەی ئەوەیە، ئاسۆی بارودۆخی ئابووری و سیاسیی وڵات، لێڵ و تاریکە.

**پ: مەبەستی ئێوە لەنێوهێنانی کێشە، کامانەن؟!**

و: سەرچاوەی کێشە و قەیرانەکە، لە شێوەی بەڕیوەبەرێتیی نیوخۆ و، سیاسەتی دەرەوە دەستپێدەکات. رێگەوبانی ئۆتۆمپبیل، شەمەندەفەر، هێڵی کارەبا و تەلەفۆن، تۆڕی گەرما و وزەی خانوو، لەماوەی (٣٠) ساڵدا، نۆژەن نەکراونەتەوە. ئەمانە لەریزی ئەو کێشانەن کە هیچ هەنگاوێک بۆ چاککردنەوەیان هەڵناگیرێت. بارودۆخی باکووری قەفقازیا، رۆژ لەگەڵ رۆژ خراپتر دەبێ. کۆماری ئۆتۆنۆمیداری "ئینقۆشتیا" لەکۆنترۆڵی دەوڵەت چووەتەدەرەوە. نێوچەی داغستان و، "کاباردین" ی بولغاریا هەر بەو شێوەیە ئاڵۆزە. لەو نێوچانەدا هەموو رۆژێک رووسەکان لەژێر گوشار و هەڕەشەدان و، دەکوژرێن.

**پ: نرخی خواردن و خواردەمەنیی، وەکو خۆی ماوە؟!**

و: بێگومان وەکو خۆی نەماوە! بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنیی، نەتەنێ لەرووسیا، بەڵکو لەزۆربەی وڵاتانی دیکەشدا، زەوینەی هەڵچوون و تەقینەوەی کۆمەڵایەتیی سازکردووە. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش لەتوانای دەولەتی رووسیادا نییە، چۆنکە ولاتی رووسیا، ئەمڕۆکە بووە بە وابەستەی هاوردەی خواردەمەنیی لەدەرەوە. پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی و، ئابووریی وڵات، پێشبینی ئەوەدەکەن، تاکو وەرزی بەهاری داهاتوو، نرخی نان ٨٠%، نرخی رۆن و گۆشت ٥٠ تا ٦٠% بەرز دەبێتەوە. ئەم دۆخە، کۆسپ و کێشەی گەورە بۆ ژیانی خەڵکی

کەمدەرامەت دروستدەکات. ئەورۆکە، ٧٠ تا ٨٠% ی داهاتی بنەماڵەکان، بەشی دابینکردنی خواردنیان دەکات، لە داهاتوویەکی نزیکدا پێویستیان بە داهاتی زیاتر دەبێت تا بتوانن بژێویی ژیانیان دابین بکەن. ڤلادیمیر پۆتین سەرۆکی وڵات، لەو راستییە تێگەیوە، ئەو بارودۆخەی بەرەورووی بووەتەوە، دەرەقەتی نایە. لەبەر ئەوە وای بەباشدەزانێت، پێش ئەوەی تەقینەوەیەک لەوڵاتدا رووبدات، هەنگاوێک لەدەسەلات بکشێتەوە دواوە (*).

**پ: بەلام چەندین دەستەی خاوەن دەسەلات هەن، کە بۆ پاراستنی ئاسایش، دەیانەوێ پۆتین لەدەسەلاتدا بمێنێتەوە!**

و: هیچ هێزێک ناتوانێ پێش لە بەرزبوونەوەی قەیرانی ئابووری و کۆمەلایەتیی بگرێت. کارەسات بەرێوەیە! قەیرانی ژێرخانمان هەیە! تێکچوونی تەواوی سوپا، بەرتیلخواردن تێکرای سیستەم ودەزگەی دەولەتیی، تووشی شەلەل و نەخۆشی کردووە. سەرباری ئەمانەش، بارودۆخی ئالۆزی باکووری قەفقاز، هەروەها پێشرەویکردنی چینییەکان بەرەو سیبری و رۆژهەلاتی دوور، کە بێگومان هەتاکو سێ – جوارساڵی داهاتو، نێوچەکە دەخەنە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە. ئەمانە بەشێکن لە هۆکارەکانی قەیرانەکە.

**پ: بەلام زۆربەی دانیشتوانی رووسیا، لەو باوەردادن، سەرۆکی خاوەندەسەلات و، بەهێزیان (پۆتین) دەتوانێ زۆر بەهاسانی تێکرای کێشەکانی ولات، چارەسەربکات، لەبەر ئەوە پێویستە لەدەسەلاتدا بمێنێتەوە!**

و: لێرەدا، ناتوانین چاوپۆشی لە رۆلی پۆتین لە سیاسەتی نوێی رووسیادا بکەین. تێکرای ئەو بریارانەی لەماوەی چەند ساڵی رابوردوودا دەریکردووە، کەم بایەخ بوون و، خزمەتی ستراتیژی سیاسییان نەکردووە. واتە، بەکردەوە پێشانیداوە، خۆی لەقەرەی ئەرکی ستراتیژیی نادات.

**پ: کێن ئەوانەی لەرووسیادا بریاردەری سەرەکین؟! پۆتین، یان ئەو کەسانەی لەدەوروبەریدان، بریاردەرن؟!**

و: دەستنیشانکردنی بابەتە سیاسییەکان و بریاردان لەسەریان، بەشێوەی رابوردوو نەماوە. ئەو بریارانەی دەدرێن، پتر لەوە سیاسی بن، لەخزمەتی بەرژەوەندیی سەرمایەدارەکانی گەورەی ولاتدایە.

**پ: ئاشکرایە، بەرژەوەندیی دەستە و کۆمەلەکان وەک یەک نین، ئایا کرملین نوێنەری تایبەتی خۆی لەنێو سەرمایەدارانی گەورەدا هەیە؟!**

و: بەپێچەوانەوە، تێکرای ئەو کەسانەی لە کرملین دادەنیشن، لەسەرمایەدار و، خاوەنی کۆمپانیا گەورەکان پێکهاتوون.

**پ: سەرۆک پۆتینیش لەنێو ئەوانەدا جێیگرتوە؟**

و: پۆتین ئەورۆکە سەرمایەدارێکی گەورەیە. ئەو خاوەنی ٣٧%ی شیرکەتی نەوت و گازە. بەشەکەی پۆتین لەبازاردا، نرخەکەی بە ٢٠ ملیارد دۆلار مەزندەدەکرێ. لە کۆمپانیای "گازپرۆم" دا ٤/٥% بەشی هەیە. هەروەها خاوەنی ٥٠%ی شیرکەتی Gunver ە، کە ساتوسەودای نەوت دەکات. پۆتین لەساڵی ٢٠٠٧دا سەرمایەکەی خۆی لەم بەشەدا خستەگەرەوە، کە ٤٠ ملیارد دۆلار بوو، لەئەنجامدا ٨ ملیارد دۆلار سوودی بەنەسیب بوو.

**پ: ئەم رێژەیە، جەندە راستن، ئایە پۆتین بەراستیی، خاوەنی سەرمایە و داهاتێکی وا زۆر و زەوەندە؟**

و: بەلێ راستە، پۆتین ئەورۆکە، یەکێکە لە سەمایەدارەکانی گەورەی جیهان. پۆتین هەروەها لەماوەی هەشت ساڵی رابوردوودا، بەردەوام وای پێشانداوە کە رووسیا، وەکو رابوردوو لەسیاسەتی نیونەتەوەییدا رۆلی هەیە، لەکاتێکدا دەزانین بەپێچەوانەی قسەکانییەوە، رۆلی رووسیا لەجیهان زۆر کەمتری کردووە.

**پ: دەتوانن بەلگە بۆ راستیی وتەکانی خۆتان بهێننەوە؟!**

و: بەلێ، کاتێک پۆتین دەسەلاتی گرتەدەست، رووسیا لەئاستی نێوچەکە و جیهاندا ولاتێکی ناسراو بوو. رووسیا، هێزی سیاسی سەرەکیی بوو لە ولاتانی پێشووی سۆڤێتیدا. لە ئۆکراینەوە هەتاکو ئاسیای نێوەراست، ئەم ولاتانە هیچیان رێیان بەخۆیاننەدەدا بێپرس و رەزامەندنیی رووسیا بریارێک دەربکەن. رژێمەکانی "ئیلچی بەگ" لە ئازەربایجان و "کامساخوردی" لە گورجستان زۆر بەخێرایی لەنێوچوون.

**پ: ئەی ئیمرۆ؟!**

و: ئەورۆکە، زۆربەی ئەو ولاتانە، بێپرس و ئاگاداریی رووسیا، بریار لەسەر چارەنووس و داهاتووی خۆیانەوە دەدەن. مۆسکۆ بەتەنێ ماوەتەوە. ئایدۆلۆژی خۆبەزلزانین، تەنێ وەک پرۆپاگەندە ماوەتەوە، لەکاتێکدا ئەورۆکە سیاسەتی نێوچەکە و دنیا بەشێوەیەکی دیکە دەروات. گۆرانی بناخەکانی سیستەمی سیاسیی، لەلایەن سەرکۆمارەوە، بە پەلە و بەخێرایی ئەنجامدەدرێن. یاسای بنچینەیی ولات،

"بۆ لاپەرە ٢٩"

"ماوەی کەربازاڕێک لە نەورۆزدا"

ئەوانە دیسان وەفدێکی کوردســـــتانن
لێرە دژیەک و لەوێ ناوبژێـــــــــوانن
ئەوانە چوون، نەگەڕێنەوە، ئەمــجارە
چارەنووسیان وەک پاداشتەکەی سنمارە
خوویەکی خراپە، تووشیبوون بە شیری
ئێستاکە ناتوانن تەرکیدەن بە پـیری!؟
لێیانگەڕێن ئەوانە دەستیان لێ بشۆن
بانەوەی نوێ خەمی ئەم دەڤەرە بخـۆن

چەپڵەڕێزان، بوو بە شاییلۆغان. هەڵپەرکێی ڕەشبەڵەکی مرۆڤ و کەر دەستیپێکرد. ئنجا سروودی (ئەمرۆژی ساڵی تازەیە) بەدەنگی هەموو ئامادەبوانی تەویلەکە، جۆش و خرۆشێکی زیاتریدا بەکەربازارەکە:

ئەمرۆژی ساڵی تازەیە، ئیراکە، هاتــــــەوە
کۆستێکی کۆنی کوردە، چرۆچاوی خواتــــەوە
چەند سالڕ گوڵی هیوای ئێمە پێپەستبوو تاکو پار
ئەمسالڕ پشیلەمان لە هەڵۆ کرد بە گورگی هـــار
ئەو ڕەنگە سوورەبوو کەلە ئاسۆی بڵندی کـورد
لاوانی، دژ بە گەندەڵی، بۆ لای مەرگ ئەبـــرد
ئیراکبو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگــــەوە
ئەنفال بەئەشق ئەچوو بە بەرەوپیری مەرگـــەوە
وا ڕۆژهەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتـــــــەوە
خاڵۆ خەریکە تازە بە شوومان بداتـــــــەوە
تا ئێستە ڕووی نەداوە لە مێژووی کەراوکـــەرا
باوان شەهید بە خوێنڕژە بێژی پەنا و برا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گریـــن
وا ئێمە ئێستە لەجێی ئەوانیش پراوپریـــــن.

بەو جۆرە و بە پێکەنین و زەرین، کەربازارەکە، کۆتایی هات.

سلێمانی ٢٠٠٦/٣/٢١

"ماوەی لاپەرە ٢٨"

لەساڵی ١٩٩٦ بە چاودێریی سەرکۆمار ئالوگۆری زۆری تێداکرا و، سەرلەنوێ دارێژرایەوە. ئۆلیگاریشی نوێی ڕووسیا (Oligarchie) کە لە چوار جوولەکەی ڕووسی بەنێوی بێرزۆفسکی، ڤوسینکی، ئیبراهیمۆویچ و خادۆرفسکی پێکهاتوون، سامانی یەکێتیی سۆڤێتیان لەنێوخۆیاندا دابەشکردووە.

**پ: سەرۆک پۆتین، لەسەرەتای حکوومەتیدا، ڕایگەیاند، هەڵوێستێکی یەکسان لەبەرامبەر ئەو چوارکەسەی نێوت هێنان، ڕەچاودەکات. پێوەندیی ئێستای پۆتین، لەگەڵ ئەو چوار سەرمایەدارە گەورەیە چۆنە!؟**

و: پۆتین بۆ دەستخستنی دەسەلات، هیچ خەباتێکی ئەنجامنەدا، بەڵکو ئەو چوار کەسە پۆتینیان بەدەسەلات گەیاند، چۆنکە دەیانویست ئامانجی ئەوان جێبەجێ بکات، ئامانجیشیان بریتیبوو لە: پەرەپێدان و سەقامگیرکردنی سیستەمی سەرمایەداری لە ڕووسیا، هەروەها پاراستن و، پەرەپێدانی بەرژەوەندیی ئابووریان لە ڕووسیا و لەدەرەوە.

**پ: پۆتین دەرگەی دیمۆکراسی لەڕووسیا کردەوە، هاوکات، بۆخۆشی دەرگەکەی داخست. بۆ وایکرد؟ بەباوەڕی ئێوە پۆتین دیکتاتۆرە!؟**

و: داخستنی دیمۆکراسی لەڕووسیا، بیرۆکەی پۆتین نییە، لەبەر ئەوە ناتوانێ کەسێکی دیکتاتۆربێت. دیمۆکراسی ڕاستینە ئەوەیە، سیاسەتزانەکان، هەلومەرجی یەکسانیان بۆ برەخسێت و، بتوانن وەکو یەک لەڕێگەی میدیای وڵاتەوە پرۆپاگەندە بۆ بیروباوەڕیان بکەن. نەبوونی ئازادییەکی وا بۆ بەشێکی زۆر لە سیاسەتزانەکان، بەمانای داخرانی دیمۆکراسییە. ئەمەش بەبڕیار و ڤین (ارادە) ی پۆتین نەکراوە. پۆتین بڕیاری دەسەلاتدارانی ڕاستینەی وڵات جێبەجیدەکات کە لەساڵی ١٩٩٠ ەوە پێی گرتووە. بەکورتی، پۆتین میراتگری "بۆریس یەلتسێن" ە.

لەکۆتاییدا حەز دەکەم ئەوەش بڵێم، لەهەڵبژاردنی نوێی سەرکۆماریدا، دیمیتری مێدیدۆڤ دەبێتە سەرکۆمار، بەڵام ڤیلادیمیر پۆتین لەدەسەلات ناکشێتەوە، بەڵکو جێی خۆی دەگۆڕێت و، ئەمجارەیان لەسەر کورسی سەرۆکوەزیران دادەنیشێت، چۆنکە دەبێ پاریزگاریی لە بەرژەوەندیی خۆی و دەسەلاتداران و خاوەنەکانی گەورەی وڵات بکات.

(*) – ئەم گوتوبێژە ماوەیەک پێش هەڵبژاردنی نوێی سەرکۆماری و پەرلەمانیی لەڕووسیا ئەنجامدراوە!

# قوربان لە خزمەت دام

**سەردار پشدەری**
**٧ / ٣ / ٢٠٠٨**




گەلی کورد پێی خۆشە، پێشڕەوەکانی کورد، خۆیان بە شێر بزانن و وەک ڕێوی تەماشای پێشڕەوی داگیرکەران بکەن، بەڵام ئەوەی کە کورد دەیبینێ بەپێچەوانەیە، مام جەلال خۆی بە ریوی دەبینێ و پێشڕەوی دوژمنان بە شێر دەزانێ.

وەک هەموو دەبینین ئەمەریکا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بەرز کردنەوەی کێشەی کوردو کەسایەتیەکانی کورد، ئەو جەلال تاڵەبانیەی کە لە ساڵانی پەنجاکانەوە تاکو ١٩٩١ قسەی سەرەدمی دژایەتی ئەمەریکا بوو و هیچ وولاتێکی دنیاش بایەخی بۆ دانەدنا، ئەمەریکا بۆ خاتری کیمابارانی و ئەنفال و کۆڕەوی کورد چاوپۆشی کرد لەو هەموو هەڵەو پێشێل کاریانەی مافی کوردیش کە مام جەلال کردویەتی و بۆخاتری بەرز کردنەوەی کێشەی کورد، مام جەلالی گەیاندە سەر کورسی سەرۆک کۆماری، بەڵام مام جەلال تاکو ئێستاش بەخەبەر نەهاتووەو وەک دەورانی بەکرەجۆو ناوزەنگ هەڵسوکەوت دەکات و خۆی زۆر بە بچوکتر لە هاوسایەی خۆی دەزانێ.

ئەو سەردانەی مام جەلال بۆ تورکیا و پێشوازیە لاوازەکەی تورکیا ووتە نابەجێیەکانی مام جەلال، بەجارێک دڵی هەموو کوردێکی بریندار کردو دەرکەوت کە مام جەلال هەستی بەوە کردوە کە ئەمەریکا دەستی لەوە هەڵگرتوە کە پشتیوانیان بکات بۆیە جارێکی تر دەستی کردووە بە سەر شۆڕ کردن بۆ داگیرکەران.

مام جەلال، لەکاتێک دا کە تورکیا وەک سەرۆککۆمار پێشوازیت لێناکات و هەروەک جاران تەماشات دەکات و وەک نوێنەری کوردەکانی عێراق وەرتدەگرێت، بۆ دەڕۆی بۆ تورکیا ؟، هاوکات، کە لەشکری تورکیش ئامادە نییە پێشوازیت بکات و بتبینێ (وقاطع الجيش التركي الزيارة، حتى انه رفض توفير الحماية المعتادة لكبار الزوار في المطار وفي القصر الجمهوري)، نەدەبوو تۆ بۆخۆت داوا بکەی کە سەردانی گۆڕی ئەتاتورک بکەی بۆ خاتری دڵخۆشکردنی لەشکری تورکی. پێمان ناڵێی چیت دەسدەکەویت لە سەردانی گۆڕی ئەتاتورک کە خاوەن بیرۆچکەی نەهێشتنی کوردە ؟. سایتی سبەی نوسیویەتی: "مام جەلال بەپێچەوانی سەرکۆمارەکانی تر، چەپکەگوڵی لەسەر گۆڕی ئەتاتورک دانەنا!".

پێموابێ ئەوە پاساوە، چۆنکە ڕۆژنامەی العيات دەڵێ (أصر طالباني على زيارة ضريح اتاتورك) ئێمە پێمانوایە باری تەندروستی و نەتوانینی چەمانەوە وای لە مام جەلال کرد کە بۆخۆی چەپکە گوڵەکە لەسەر گۆڕەکە دانەنێ و ئەمەش یەکەم جاری نییە، لە سەفەرەکانی پێشتردا ئەو کاتەی باری تەندروستی باشبوو بەدەستی خۆی چەپکە گوڵەکەی داناوە، لەپاڵ ئەوەشدا ناونوسینی خۆی لە دەفتەری میوانداری ئەتاتورک، خۆی لەخۆیدا لە چەپکە گوڵەکە گرنگ ترە، ئێمە لە جیاتی هەموو کورد پرسیارێک لە مام جەلال دەکەین و دەڵێین لەپاڵ ئەو هەموو سەفەرانەت بۆ ئێران و تورکیادا، ئایا لەژیانت سەردانی گۆڕی قازی محەممەد و سمایلاغای شوکاک و شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزات کردووە ؟، دڵنیام لەوەی کە سەردانی هیچ کامێکیانت نەکردووە.

بێجگە لەوەی هەمووومان، گوێمان لە وتووێژی مام جەلال و عەبدوڵڵا گوڵ بوو، سایتی "سبەی" کە پاشسەنگەری جەلال تاڵەبانییە، نووسیویەتی: "مام جەلال دەڵێ، دیمۆکراسی لە تورکیا لە ئاستی ئەورووپادایە". تاڵەبانی: "من وتوومە ئامادەنیم پشیلەیەکی عێراقی تەسلیم بە تورکیا بکەم، نەک پشیلەیەکی تورکی!".

کام دیموکراسی لە تورکیا؟، ئەو دیموکراسیەی کە بە پەنجا پۆلیسی تورک دەست درێژی دەکەنە سەر خوشکێکی کورد لە دیار بەکر ؟، مام جەلال دەڵێ ئەم وتووە پشیلەی کوردی وتومە پشیلەی عێراقی، ئەم بادانەوە ئەوەندەی تر قسە هەڵوەریوەکەی پێشووی خراپتر کرد، لە لایەک ئەوە وا نیشان دەدات کە لەلای مام جەلال پشیلەی عێراقی گرنگترە لە پشیلەی کوردی، لەلایەکی ترەوە ئەوە ناراستەوخۆ ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بۆ تەسلیم کردنەوەی پشیلە کوردەکان کە کوردەکانی سەرووی کوردستانن.

لێپرسراوانی تورکەکان دەڵێن خۆشحاڵین بە کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ پێشڕەوە کوردەکان (واكد المسؤولون الأتراك رغبتهم الجادة في فتح صفحة "بۆ لاپەڕە ٣١"

## مامۆستا قانع

بێ حەیایی باوە ئەمڕۆ، قوڕ بەسەردا کا حەیا
کەندەلان سەربەرز و شادە، خۆی بشارێتو چیا
گوڵ ئەگەر ئەقڵی ببێ، قەت سەر لەخاک ناکاتە دەر
چونکە ڕۆژی درک و داڵە و، گەرمی بازاڕی گیا
با، لە هەورا سەرنیگون بن، مانگ یا ڕۆژی جوان
شەمشەکوێرە ئەڵێ: من نامەوێ شوعلەی ضیا
ئەی فەلەک! ڕاستونەبی، بۆ ڕێکوپێکی دەورەکەت
گورگ ئەبێتە شوانی ران و، دز ئەبێتە ئەولیا
نێرە گا جووتێ ئەبەیتە ریزی لوقمانی حەکیم
فەیلەسووفێکیش ئەخەیتە ژێر چەپۆکی ئەشقیا
تۆ بە مێروولەی زەعیف ئێشی سلێمانی ئەکەی
خاتەمی مۆری نگینت کردە دەست دێوی گەڕا

"ماوەی قوربان لە خزمەت دام"

جديدة مع القيادات الكردية في العراق) دبێ ئەو خۆشحاڵیە بۆ چی بێ ؟، دەبێ بۆ تەسلیم کردنەوەی پشیلە کوردیەکان نەبێ ؟.

مام جەلال، شهرستانی وەزیری نەوتی عێراقی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ بەستنی چەند پەیمانێکی نەوتی لە نێوان عێراق و تورکیا !، هەمومان دەزانین کە ڕۆڵی شەهرستانی چۆن بووە لەبەرامبەر بە نەوتی کوردستان و تاکو ئێستاش ئامادە نیە ڕێگە بدات کورد خۆی بە خاوەنی نەوتی خۆی بزانێ، پێمان ناڵێی مام جەلال لە لایەک پڕۆژەی نەوتەکەی ئێمەت لەناوبرد، لەم لایەشەوە بە بردنی شەهرستانی لەگەڵ خۆت بۆ تورکیا پڕۆژەکانی نێچیرو عومەر فەتاح لەنێو دەبەی!.

ئێمە پێمان وایە مام جەلال لە کۆتایی تەمەنیدا لە کەندەلانی سیاسەت غلۆر بۆوە و وەک سەرلێشواوێکی سیاسی قسەی حەلەق مەلەق دەکات و ئەو قسانەش وەک ساڵی ١٩٩٤ دەبێتە هۆی لەناوبردنی دەوڵەت و پەرلەمان و بەدیهێنانی ئاڵۆزیەکی خۆبەخۆی تازە.

**سەدام حوسەین لەسەردەمی حوکمڕانیدا دەیگوت: ناهێڵم کەس خێر لە عێراق ببینێ دوای نەمانم. مام جەلالیش کە بەرەو نەمان دەڕوات دەیەوێ ناڕاستەوخۆ وەک سەدام حوسەین نەهێڵێ کەس خێر لەو ئەزموونە ببینێ.**

"ماوەی لاپەڕە ٢٦"

و کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات. بەهاوکاریی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، پلانی لەنێوبردنی تەواوی سەرچاوەکانی چاندن و بەرهێهنانی ئەفیون لەنێوخۆی وڵات و، لەدەرەوە دابڕێژێت. دیاردەی بێکاری و هەژاریی لەوڵاتەکەیدا نەهێڵێ و، باری گوزەران و، بژێویی چینی هەژار و کەمدەرامەت چاک بکات. ئەوجا ژمارەی تەواوی تووشبووانی مادە سڕکەرەکان نێونووس بکرێ و، لە نێوەندی تایبەت و بە چاودێریی وەزارەتی تەندروستیی، کۆبکرێنەوە و، پاش چاکبوونەوەی نەخۆشییەکەیان، کار و بژێویی ژیانیان بۆ دابین بکرێ. ئەمانە و گەلێک کاری خزمەتگوزاریی دیکە، بەتایبەتیی بۆ چینی لاوان، بە کچ و کوڕەوە پێکبهێندرێن. بەپشتبەستن بە یاسایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتووەوە، ئازادییەکانی تاک و ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتیی دەستەبەر بکات.

جێبەجێکردنی ئەم کارە سەرەکی و گرنگانە، بێگومان ڕژێم و دەوڵەتێک دەتوانێ ئەنجامیان بدات، کە بەرامبەر چارەنووس و دابینکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانیی دانیشتوانی وڵاتەکەی، خۆی بە بەرپرسیار بزانێ. بەلام لای هەمووان ڕۆن و ئاشکرایە، لە سایی ڕژێمێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم پڕۆژە چاکسازییانە نەتەنێ نایەنە دی، بەڵکو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بارودۆخی سیاسی و ئابووری و، هەموو ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی ئەوڕۆکە داوێنی کۆمەڵگەی ئێرانیان گرتووە، زیاتر و زیاتر پەرە دەستێنن. هۆکەشی ئەوەیە، کاربەدەستانی ئەم ڕژێمە، ئاستی ڕوانین و تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتییان زۆر لەوە نزمترێکە بتوانن بەشێوەیەکی زانستانە و هاوچەرخانە پلانی نەهێشتنی کێشەکانی نێوکۆمەڵ دابڕێژن و ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و دوور لە هەژاری و برسێتیی بۆ کۆمەڵگەی بندەستیان دابین بکەن..

**(*) - سوپای پاسدارانی ئیسلامی ئێران، پاش دامەزراندنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٨٠ لەسەر بڕیاری خومەینیی دامەزرا و، پێنج لقی هەیە و بریتین لە: (هێزی زەوینی، هێزی ئاسمانیی، هێزی زەریایی، هێزی بەسیج و "سوپای قودس" کە نێوەکەی دواتر گۆڕا بۆ (هێزی قودس).**

**"ماویەتی"**

Bi wê adres pêwendî legel serokayetîya kongrey Nîştmanîya Kurdistan bigre!

P. B. 607, London
N W 8 O D T, U. K.
Fax; 0044 – 208 741 64 36
E-post; wka@knc.org,uk

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن



ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

Tele; 0049 – 82 33 80 61
Fax; 0049 – 82 33 61 21
E-post; KNC@ribrahim.de



Bi wê adres name û gotar û pêşnyaza xwe bo kongre bişîne!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
post@kncscandinavia.com

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!


Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde!
Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری رزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندن: "سیروان کاوسی"

ئەدرەسی سایتەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!

| | |
|---|---|
| کۆنگرە ئینگلیزی: | www.knc.org.uk |
| کۆنگرە (کوردی): | www.kncscandinavia.com |
| رادیۆ رۆژاڤا: | www.rojavatv.org.uk |
| حکوومەتی رۆژاڤای کوردستان: | www.western-kurdistan.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا: | www.jawadmella.net |
| سایتی حکوومەتی رۆژاڤا (ئینگیلیزی) | www.western-kurdistan.com |
| | www.westernkurdistan.org.uk |
| سایتی مامۆستا جەمال نەبەز | www.jemalnebez.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا | www.jawadmella.com |

بیری نەتەوەیی بریتییە لە خەبات و تێکۆشین لەپێناوی رزگاریی خاک و یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. نەتەوەییبوون فەلسەفە و ویژە و کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە و، دوورە لە هەڵپەرستی و پاوانخوازی و، نێوچەگەرێتیی. بیری نەتەوەیی دوورە لە داتاشینی تیۆری نانەتەوەییانە و ناقۆلا و، لەپێناو ئامانجی کەسی و حیزبیدا، خەباتی نەتەوەی کورد گرێنادات بە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەرەوە!